# ڕوسیا و پێشهاتە سیاسییەکان لە ئێراندا(١٩٠٠-١٩٠٨)
# روسيا والتطورات السياسية في إيران(١٩٠٠-١٩٠٨)
# Russia and Political Developments in Iran 1900-1908

دلسۆز عمر ابوبکر[١]، ئارام عەلی مستەفا[٢]
[١،٢]بەشی مێژوو،کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەکان،زانکۆی سلێمانی،شاری سلێمانی، هەرێمی کوردوستان،عێراق
Corresponding author's e-mail: dlsozgolpy@gmail.com

## پوختە

هەڵکەوتە و پێگەی جیۆسیاسی ئێران، وەک وڵاتێکی دراوسێ و گرنگ، هەمیشە جێگەی بایەخ و گرنگیپێدانی ڕوسەکان بووە، ئەوان ئەم ناوچەیان وەک ڕێڕەوێکی ستراتیژیی گرنگ بۆ گەیشتن بە ئاواتە لەمێژینەکەیان دەبینی، کە گەیشتن بە ئاوە گەرمەکان بوو. بۆیە ڕۆژ بەرۆژ پتر هەوڵەکانیان بۆ چەسپاندنی هەژموونی خۆیان لە ئێران چڕتر دەکردەوە، بەردەوام چاویان لەسەر هەڵکەوتنی هەلێک بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجە گرنگەیان بوو. کوژرانی ناسرەدین شا(١٨٤٨-١٨٩٦) لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەدا، هەلێکی باشی بۆ ڕوسەکان ڕەخساند بۆ فراوانتر کردنی هەژموون و دەسەڵاتیان لە ئێران، بە تایبەتی لە سەرەتاکانی سەدەی بیست، بە تەواوی هەژموونی ڕوسەکان لە ئێران زیادی کرد و بەهۆی نزیکیی و کۆنترۆڵکردنی موزەفەرەدین شا(١٨٩٦-١٩٠٧) و دەستوپەیوەندەکەی، چەندین جیاوگی سیاسی و ئابووری گرنگیان لە ئێران بەدەستهێنا و بەتەواوی دەسەڵات و هەژموونی خۆیان بەسەر هەموو جومگە هەستیارەکانی دەسەڵات و ئابووری ئێران سەپاند، لەو ڕوانگەیەوە ڕێگەیان بە هیچ جۆرە گۆڕانکاری و جوڵەیەکی سیاسی و ئابووری کە کاریگەری لەسەر بەرژەوەندیەکانیان لە ئێران دروست بکات نەدەدا، کاتێکیش بەهۆی نارەزایەتی هاووڵاتیانی ئێران لە بارودۆخی سیاسی و ئابووری وڵاتەکەیان، شۆڕشی مەشروتە دروست بوو، پایەکانی ئەو جۆرە حوکم ڕانیەی ئێرانی خستە مەترسیەوە، کە وابەستەی تەواوی دەسەڵاتدارانی ڕوسیا بوو. ڕوسەکان بە هەموو توانای خۆیانەوە ڕاستەوخۆ لە دژی ئەو جووڵانەوە سیاسی و کۆمەڵاتیەی ئێران وەستانەوە و زۆر بەتوندی سەرکوتیان کرد، ئەو هەلە مێژووییەی بۆ گۆڕانکاری لە ئێران لەناوبرد، کە بە هۆی شۆڕشی مەشروتەوە هاتبووە ئاراوە.

**کلیلی وشەکان:** ڕوسیا، ئێران، پەیوەندییەکان، شۆڕشی مەشروتە، هەڵوێستی ڕوسیا.


| | |
|---|---|
| گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە:گۆڤارێکی زانستی ئەکادیمیە زانکۆی هەڵەبجە دەری دەکات | |
| DOI Link | http://doi.org/10.32410/huj-10504 |
| ڕێککەوتەکان | ڕێکەوتی وەرگرتن: ٢٠٢٢/١٢/١٢ \| ڕێککەوتی پەسەندکردن: ٢٠٢٣/١/١٥ \| ڕێککەوتی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢٣/١٢/٣١ |
| ئیمەیلی توێژەر | dlsozgolpy@gmail.com |
| مافی چاپ و بڵاوکردنەوە | ©٢٠٢٣ م.ی.دلسۆز عمر ابوبکر،پ.د. ئارام عەلی مستەفا، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لەژێر ڕەزامەندی CCBY-NC_ND 4.0 |

**ملخص**

موقع إيران الجيوسياسي كدولة مجاورة مهمة، كان دائما محل اهتمام الروسيين. لقد رأوا هذه المنطقة كممر استراتيجي مهم لتحقيق حلمهم الطويل الامد، وهو الوصول إلى المياه الدافئة. لذالك كثفوا جهودهم لفرض هيمنتهم في إيران. كانوا يبحثون باستمرار عن فرصة لتحقيق هذا الهدف المهم. عندما أغتيل ناصر الدين شاه في اواخر القرن التاسع عشر، وفرت فرصة جيدة لروس لتوسيع هيمنتهم في إيران، خاصة في أوائل القرن العشرين. زادت هيمنة الروس في إيران بشكل كامل و بسبب السيطرة على مظفر الدين شاه وحاشيته. و حصلوا على العديد من الامتيازات السياسية و الاقتصادية في إيران.و فرضوا سلطتهم و هيمنتهم بالكامل على جميع النقاط الحساسة في السلطة و اقتصاد إيران. ولذا لم يسمحوا بأي تغيرات سياسية و اقتصادية من شأنها أن تؤثر على مصالحهم في إيران، و بسبب احتجاجات المواطنين الأيرانيين على الاوضاع السياسية و الاقتصادية في بلادهم، مما أدى إلى قيام ثورة مشروطة. لذا تعرضت الحكم الايراني آنذاك للخطر بسبب اعتمادهم كليا على السلطات الروسية. بذل الروس قصارى جهدهم لمعارضة الحركة السياسية و الاجتماعية الايرانية و قمعها بشدة و دمروا هذه الفرصة التاريخية لتغيرالاوضاع في ايران التي حدث بسبب ثورة مشروطة.

**كلمات المفتاحية:** روسيا، ايران, العلاقات، ثورة مشروطة، موقف روسيا.

**Research Summary**

Iran, as a neighboring and a vital state; its geographical and geopolitical positions have always been taken into consideration by Russians. Since observing the territory as a strategic pathway to gratify their long-standing covet that was accessing warm water ports, thus Russians constantly sought for an opportunity to achieve their crucial target and made efforts to consolidate their hegemony in Iran. Naser al-Din Shah's(1848-1896) assassination at the end of nineteenth century assisted the Russians to expand authority and impose their predominance.

Russians' hegemony and authority amplified due to close relations and dominating Muzaffar Al-din Shah(1896-1907) and his associates, specifically in the beginning of twentieth century; they were able to attain many essential political and economic privileges in the area, in addition, enforcing their authority over all influential aspects of Iran. In light of what indicated, Russians censored and inhibited any economic and political movements against their interests. Occurring Mashruteh (Constitutional) Revolution by people protesting against political and economic situations of their country imperiled Iran's authorization pillars that were fully-Russians dependent. Russians severely repressed the social and political movements of Iranian people and ruined a historic opportunity to change that took place as a result of Mashruteh Revolution in Iran.

**Keywords:** Russia, Iran, Relations, Mashruteh (Constitutional) Revolution, Russian's attitude.

## دەستپێک

سەرەتای سەدەی بیست دەسپێکی سەردەمێکی نوێیە لە مێژووی سیاسی ئێران، لە ئاستی ڕووداو و پێشهاتە ناوخۆییەکان، بەسەردەمی شۆڕشی مەشروتە(١٩٠٥-١٩١١)، لەسەر ئاستی پەیوەندییە دەرەکیەکانیش، بە زاڵبوون و هەژموونی فراوانتری ڕوسەکان لە ئێران ناسراوە. لەم ماوەیەدا گەلانی ئێران، دوای چەندین ساڵ لە فەرمانڕەوایەتی زەبروزەنگ و ستەمی فەرمانڕەوایانی قاجارەکان، جۆرێک لە جووڵانەوەی جەماوەریی و کۆمەڵایەتییان لە دژی بارودۆخی خراپی سیاسی و ئابووری وڵاتەکەیان دەستپێکرد، کە دواتر لەگەڵ بەرفراوانبوونی ئەو بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە، ئاستی داواکارییەکانیان بەرزکردەوە و موزەفەرەدین شایان ناچار بە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی شورای میللی و نووسینەوەی دەستور کرد. بەمەش وڵات چووە قۆناغێکی نوێ لە دەستەبەربوونی لایەنی کەمی مافەکانی هاووڵاتیان و بەشداریی سیاسی و هەڵبژاردن و نوێنەرایەتی لە ڕێگەی ئەنجومەنی شورای میللی وڵاتەکەیانەوە، هاوکات لەگەڵ ئەو گۆڕانکاریی و جووڵانەوە جەماوەرییەی گەلانی ئێران، تا دەهات هەژموون و دەسەڵاتی ڕوسەکان لە ئێران فراوانتر دەبوو، فەرمانڕەوا و سەرانی دەسەڵاتی ئێرانیش، لە سەرووی هەموویانەوە موزەفەردین شا و دواتریش کوڕەکەی محەمەد عەلی شا(١٩٠٧-١٩٠٩)، جگە لەوەی، کە دۆست و نزیکی ڕوسەکان و پارێزەری بەرژەوەندییە ئابوورییەکانیان بوو، لە هەمان کاتدا، لە وەرگرتنی دەسەڵات و تەختی پادشایەتی، خۆیان بە قەرزارباری ڕوسەکان دەزانی، بە تایبەتی محەمەد عەلی شا، کە بە پارێزەری سەرەکیی بەرژەوەندییەکانی ڕوسیا لە ئێران ناسرابوو. ئامانجی سەرەکی جووڵانەوە جەماوەرییەکەی گەلانی ئێران، کە دواجار بە شۆڕشی مەشروتە ناسرا، کۆتایهێنان بە دەسەڵاتی ڕەهای شا و نەهێشتنی دەسەڵات و دەستوەردانی وڵاتانی بیانی لە ئێران بوو، کە هەردووکیان؛ واتە دژایەتی ڕاستەوخۆی بەرژەوەندییە سیاسی و ئابوورییەکانی ڕوسیا لە ئێران، بۆیە ڕوسیا بە ئاسانی ڕێگەیان بە هیچ جۆرە گۆڕانکارییەک لە سیستمی سیاسی ئێران نەدەدا، کە بەرژەوەندییە ئابووری و سیاسیەکانی بخستایەتە مەترسییەوە. لەم ڕوانگەیەوە زۆر بەتوندی دژی مەشروتەخوازانی ئێران وەستانەوە و هەموو ئامرازێکی بەردەستیان، بە دەستوەردانی ڕاستەوخۆی سەربازییشەوە بەکارهێنا و کۆتاییان بەو جووڵانەوە کۆمەڵایەتی و سیاسییە هێنا.

هۆکاری هەڵبژاردنی بابەتەکە و گرنگیەکەی: هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم بابەتە بۆ گرنگیی ئەو ماوەیە لە مێژووی پەیوەندییە سیاسیەکانی نێوان ئەو دوو وڵاتە دەگەڕێتەوە، بەشێوەیەک، کە لە سەرەتاکانی سەدەی بیست پەیوەندییەکانی نێوان ڕوسیا و ئێران چوونە قۆناغێکی نوێ، بە ئاراستەی باڵادەستی ڕوسەکان لە تەواوی بڕیارە سیاسی و چارەنوسسازەکانی ئێران و هەڵوێستەکانیان کاریگەریی ڕاستەوخۆیان لەسەر داهاتوو و چارەنووسی گەلانی ئێران بە شێوەیەکی گشتی دروستکرد. ئەمە جگە لەوەی، کە هەڵوێستی ڕوسیا لە بەرامبەر شۆڕشی مەشروتە گرنگییەکی پتر بە هەڵبژاردنی ئەم بابەتە دەدات، چونکە لە ڕاستیدا ڕوودانی شۆڕشێکی لەو شێوەیە بۆ گەلانی ئێران گرنگی خۆی هەبوو و وڵاتی بردە قۆناغێکی نوێ و کۆتایی بە دەسەڵاتی ڕەهای دەیان ساڵەی دەسەڵاتدرانی قاجار هێنا، بەڵام هەڵوێستی نەرێنیی ڕوسەکان بەرامبەر شۆرش، جگە لەوەی هەموو ئەو هەنگاوە گرنگ و هیوایانەی لەناوبرد، کە بە ئاراستەی ڕزگاربوون و پەیڕەوکردنی جۆرێک لە ژیانی دیموکراسی و ئازادی هاتبوونە ئاراوە، هێرشی ڕاستەوخۆی سەربازیی ڕوسیا و داگیرکردنی بەشێک لە ناوچەکانی ئێرانیشی لێکەوتەوە.

ئامانجەی توێژینەوەکە: ئامانجی توێژنەوەکە بریتییە لە لێکدانەوەیەکی بابەتیانە و ئەکادیمیانە بۆ پەیوەندییە مێژووییەکانی نێوان ڕوسیای تزاری و ئێران لە سەرەتای سەدەی بیست و هەڵوێستی ڕوسیا، وەک وڵاتێکی کاریگەر و گرنگ و خاوەن هەژموونی سیاسی و ئابووری لە ئێران بەرامبەر شۆڕشی مەشروتە، وەک گرنگترین ڕووداوی مێژوویی و سیاسیی لە سەرەتای سەدەی بیست لە ئێران.

ڕێبازی توێژنەوە: بە ڕەچاوکردنی بواری زانستیی بابەتەکە، بۆ گەیشتن بە ئامانجە زانستییەکانی توێژینەوەکە، بەپێی ڕێبازی توێژنەوەی مێژوویی، ڕێبازی شیکاریی و سیاسی و مێژوویی پەیڕەوکراوە و سوود لە ئەدەبیاتی کتێبخانەیی و سەرچاوە مێژووییەکان و گێڕانەوەکان کە هاوسەردەمی ڕووداوەکانی سنووری ئەم توێژینەوەیە بوون وەرگیراوە و بە شێوەی کرۆنۆلۆژی ڕاڤە بۆ بابەتەکان کراوە.

پەیکەربەندی توێژنەوەکە: توێژینەوەکە لە دەروازەیەک و چوار باس و دەرئەنجام پێکهاتووە، باسی یەکەم: تایبەتە بە شۆڕشی مەشروتە و پەیوەندییەکانی ڕوسیا و ئێران لەو ماوەیەدا. لەم باسەدا هۆکارەکانی سەرهەڵدانی شۆڕشی مەشروتە و هەڵوێستی سەرەتای ڕوسیا بەرامبەر

شۆڕش خراونەتە ڕوو. لە باسی دووەمدا پەیوەندییەکانی ڕوسیا و ئێران لە ماوەی فەرمانڕەوایەتی محەمەد عەلی شا و هەماهەنگی و یارمەتیەکانی ڕوسیا بۆ ئێران لەو ماوەیەدا خراونەتە ڕوو. لە باسی سێیەمدا، ڕێککەوتنی ساڵی ١٩٠٧ نێوان ڕوسیا و بەریتانیا و دابەشکردنی ئێران و زۆربوونی هەژموون و دەسەڵاتی ڕوسیا لە ئێران خراوە تەڕوو. لە باسی چوارەمدا هەڵوێستی ڕوسیا لە بەرامبەر هەنگاو و چالاکیەکانی ئەنجومەنی شورای میللی و نیگەرانییەکانی ڕوسیا بەرامبەر شۆڕش و هێرشکردنە سەر بینای ئەنجومەن و کۆتایهێنان بە خولی یەکەمی ئەنجومەنی شورای میللی خراوەتە ڕوو.

## دەروازە

لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە تا دەهات هەژموون و دەسەڵاتی سیاسیی و ئابووری و سەربازیی ڕوسەکان لە ئێران فراوانتر دەبوو، بۆیە هەر لە دوای کوژرانی ناسرەدین شا بە دەستی میرزا ڕەزا کرمانی لە ١ ئایاری ساڵی ١٨٩٦(امانت، ١٤٠٠: ص٣٥٣؛ قرم، ٢٠١٠: ص١٢٨) بەهۆی کاریگەریی و باڵادەستیی ڕوسەکان، سەرۆکوەزیرانی ئێران بە ئامانجی ڕێگریکردن لە هەر جۆرە پشێویی و ئاژاوەیەک، بەرپرسیاریەتی پاراستنی ئاسایشی شاری تارانی پایتەختی ڕادەستی کۆلۆنێل ڤلادیمێر کاسۆفسکی ، سەرۆکی سوارەی قۆزاقی ڕوسی کرد(بیات و دیگران، ١٣٩٣: ص٣٠٢؛ شەمیم، ٢٠١٢: ل٣٣١). ئەم هەنگاوەی سەرۆک وەزیران و دەستوەردانی ڕاستەوخۆی لیوای قۆزاق لە چەسپاندنی ئاسایش و ئارامی تارانی پایتەخت، جگە لەوەی زەمینەی هاتنی جێنشینی بۆ وەرگرتنی دەسەڵات فەراهەمکرد، لە هەمان کاتدا هەژموون و دەسەڵاتی خودی لیوای قۆزاقیشی لە پایتەخت و دامەزراوە سەربازیی و کارگێڕییەکانی ئێران زۆرتر کرد(موسوی، ١٣٩٧: ص٦). موزەفەرەدین میرزای جێنشین، پاش بیستنی هەواڵی کوژرانی باوکی، بە ئامانجی وەرگرتنی تەختی پادشایەتی قاجار، لە شاری تەورێزەوە گەیشتە تارانی پایتەخت، هەرچەندە لەو هەنگاوەیدا ترسی لە نەیاریی و دژایەتی براکانی هەبوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەی، کە ڕوس و بەریتانیەکان پشتیوانی خۆیان بۆ نیشان دا، ئەوانیش بەپەلە گوێڕایەڵیی خۆیان بۆ دەربڕی و بەو شێوەیەش بەبێ هیچ جۆرە لەمپەر و ڕێگرییەک لە ٨ حوزیرانی ١٨٩٦ تاجی پادشایەتی ئێرانی لەسەر نا(مهدوی، ١٣٩٢: ص٣٠٩). ئیتر لێرە بە دواوە ڕوسەکان ئەو خۆپارێزییەیان بە پێویست نەزانی، کە لە سەردەمی باوکیدا، لە بابەتی دەستوەردان لە کاروباری ناوخۆی ئێران پەیڕەویان دەکرد، ڕاستەوخۆ و بەئاشکرا دەستیان لە کاروباری ناوخۆی ئێران وەردەدا. جووڵە و هەنگاوەکانی دواتریشیان بوونە هۆی ئەوەی کە خودی شا و دەستوپێوەندەکەی بە تەواویی لە ڕوسەکان نزیکببنەوە، شا دەسەڵاتی خۆی بە قەرزبار و منەتباری هەوڵەکانی جەنەراڵ کاساکوڤسکی، فەرماندەی لیوای قۆزاق دەزانی، کاتێک، توانی بەبێ هیچ ڕکابەرییەک دەسەڵاتی ئێران وەربگرێت. بە بۆچوونی ئەو، هەمان ئەو هێزەی، کە توانی بە ئاسانی ئەو بباتە سەر دەسەڵات، دەشتوانێت بە ئاسانی لە دەسەڵاتی دوربخاتەوە(سمنانی، ١٣٧٩: ص١٢٨). بۆیە لە ماوەی فەرمانڕەوایەتیی خۆیدا بە تەواوی ملکەچ و گوێڕایەڵی ڕوسەکان بوو(راد و شیخی، ١٣٩٣: ص٨٥) هەمیشە هەوڵی بۆ ڕازیکردنی دەدان، نەک تەنیا لەبەرئەوەی کە کەوتبووە ژێر کاریگەریان، بەڵکو لەو باوەڕەدا بوو، کە چارەنووسی تاج و دەسەڵاتەکەشی بەوانەوە بەستراوەتەوە(امینی، ١٣٨٢: ص١٤٦).

بە هاتنی موزەفەرەدین شا، سەردەمێکی نوێ لە مێژووی سیاسی ئێران دەستی پێکرد(انصاری، ١٣٩٤: ص١٧)، سەردەمی فراوانبوونی دەسەڵاتی سیاسی و ئابووری و سەربازیی ڕوسەکان لە ئێران، گۆڕانکاریی لە لوتکەی دەسەڵاتی سیاسی ئێران، لە باوکەوە بۆکوڕ، هاوسەنگیی هەژموونی دەسەڵاتی بەریتانیا و ڕوسیای لە ئێراندا تێکدا، لێرە بەدواوە بارەکە پتر بەلای ڕوسەکاندا لاسەنگ بوو(مهدوی، ١٣٩٢: ص٣٠٩). ئەگەر تەماشای شێوازی کاری ڕوسەکان لە ئێران بکەین، دەبینین ئەم گۆڕانکارییە لەخۆوە نەبوو. لەڕاستیدا کاربەدەست و نوێنەرانی دیپلۆماسی ڕوسیا بەپێی نەریتی لەمێژینەی خۆیان، لەو ڕۆژگارەوە موزەفەرەددین میرزا، وەک جێنشینی شا دیاریی کرابوو، زۆر بە چڕیی کاریان لەسەر کردبوو کاریگەریان بەسەریەوە هەبوو(شەمیم، ٢٠٢١: ل٣٣٥). دوای ئەوەش دەسەڵاتی وەرگرت، گرنگیی زۆرتریان پێدا و بووە جێگەی بایەخیان، کاتێکیش ساڵی ١٩٠٥، بە مەبەستی چارەسەر بۆ جاری سێیەم گەشتی بەرەو وڵاتانی ئەوروپا دەست پێکرد و پێشوازییەکی ئەوتۆی لێنەکرا، بەڵام بەپێچەوانەوە لە ڕوسیا باوەشی بۆکرایەوە و نیکۆلای دووەم(١٨٩٤-١٩١٧) ئیمپراتۆری ڕوسیا لە هاوینەهەوار و


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

شوێنی پشوودانی تایبەتی خۆی لەسەر دەریای بەڵتیک پێشوازییەکی گەرمی لە خۆی و هاوڕێکانی کرد(مهدوی، ١٣٩٢، ص٣١٧).

## باسی یەکەم: شۆڕشی مەشروتە و پەیوەندییەکانی ڕوسیا و ئێران

شۆڕشی مەشروتە لە سەرەتای سەدەی بیست، گرنگترین ڕووداوی سیاسیی ماوەی فەرمانڕەوایەتی موزەفەرەدین شا بوو(فاتح، ٢٠١٨: ل١٧) کە کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر ژیانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و شێوازی سیستمی حوکمڕانی کۆمەڵگەی ئێرانی دروستکرد. لە ئاستی دەرەکییش پەیوەندییەکانی ڕوسیا و ئێرانی بردە قۆناغێکی تر، کە قۆناغی هەژموون و داگیرکاریی و هێرشی ڕاستەوخۆ بۆ سەر خاکی ئێران بوو. ئەم ڕووداوە مێژووییە گرنگە لەو کاتەدا، بەبێ هۆکارگەلی سیاسیی و ئابووری و کۆمەڵایەتیی و ڕۆشنبیریی دروست نەبوو، گۆڕانکارییەکی گرنگی لەو شێوەیە، پێویستی بە کۆمەڵێک فاکتەر هەبوو، تا کۆمەڵگەی ئێرانی بگاتە ئەو ئاستە، کە داوای گۆڕینی سەرتاپای ژیانی سیاسی و ئابووری خۆی بکات. ڕەگ و ڕیشەی ئەو هۆکارانەی، کە بوونە هۆی دروستبوونی شۆڕشی مەشروتە، زۆرتر پەیوەندییان بە خراپی سیستمی حوکمڕانی و هەموو ئەو دەرهاویشتانە هەبوو، کە لە سیستمێکی خراپی سیاسی دەکەوتنەوە، وەک خراپیی بارودۆخی ئابووری و سەرکوتکاریی و زەبروزەنگی کۆمەڵایەتیی و لاوازیی دامودەزگای دەوڵەتی و لە هەمووشی خراپتر بریتی بوو لە نەبوونی سەروەریی سیاسی و کەوتنە ژێر هەژموونی دەوڵەتانی بیانی، بەتایبەتی ڕوسیا و بەریتانیا. پەیوەندییە دەرەکییەکانی ئێران لەگەڵ وڵاتانی بیانی، بەتایبەتی ڕوسیا، پشکی شێری ئەو هۆکارانەیان بەردەکەوێت، کە بوونە هۆی ڕوودانی شۆڕشی مەشروتەی ئێران. ڕوسەکان بە جۆرێک ڕۆچووبوونە نێو دەسەڵاتی سیاسی ئێران، کە خۆیان قسەی سەرەتا و کۆتاییان لە پرسە سیاسی و ئابوورییەکانی ئێراندا دەکرد و هەر بابەتێک بەخواستی ئەوان و بە گوێرەی بەرژەوەندییە سیاسی و ئابووری و سەربازییەکانیان نەبووایە، لە ڕێگەی دەسەڵاتدارانی دەستکەلای خۆیان ڕەتیان دەکردەوە، ئەگەر ئەوەش نەبووایە بە هەڕەشە و گوشاری سەربازیی و دەستوەردانی ڕاستەوخۆ جێبەجێیان دەکرد، بە جۆرێک، کە ژیانی سیاسی ئێران بە پلەی یەکەم لە لایەن ڕوسەکانەوە ڕەنگڕێژ دەکرا.

دەسەڵاتی ڕوسیا هێندە فراوان ببوو، کار گەیشتبووە ئەوەی لە باکوری ئێران زۆرینەی دەسەڵاتدارانی حکومەت، بەتایبەتی لە ئازەربایجان لە لایەن ڕوسەکانەوە دادەنران، حکومەتی ئێران لە ناوچەکانی باکوری وڵات دەسەڵاتێکی ئەوتۆی نەمابوو، تەنانەت لە توانایدا نەبوو، ئەو کەسانەی خۆی دەستنیشانیان دەکات، لە پلەوپۆستە جیاوازەکانی ئازەربایجان دایان بنێت(اولسون، ١٣٩٨: ص٣٥) بۆ نموونە (فرمانتل)، یاریدەدەری وەزیر لە حکومەتی هندی، وەک ئاماژەیەک بۆ دەسەڵات و هەژموونی ڕوسیا لە باکوری ئێران، لە یاداشتەکانیدا ئاماژە بەوە دەکات، کە باڵوێزی نوێی ڕوسیا نیکۆلاییڤیچ لە ٢٠ کانونی یەکەم ١٩٠٥ گەیشتووەتە ئەنزەلی و بە فەرمانی تزاری ڕوسیا مەدالیای(هەڵۆی سپی) و نمرەیەکی پێشکەش بە پارێزگاری گەیلان و یاریدەدەرەکەی کردووە(بازل، ١٣٩٦: ص١٠٠٢). لە ڕووی ئابووریشەوە بە تەواوی دەسەڵاتیان فراوان ببوو، لە کۆتایی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستدا، ڕوسەکان ئەوەندە بەرژەوەندی گەورەیان بۆ خۆیان لە ئێران لە پێش چاو دەگرت، کە لە هەندێک زەمینە و بواردا پتر لە شێوەی دەسەڵات و کۆنترۆڵکردنی وڵات، خۆی نیشان دەدا و هەڵسوکەوتیان لەگەڵ ئێران وەک داگیرگایەک بوو(اصغری، ١٣٩٣: ص٥٩). بۆیە دەتوانین بڵێین، کە بەشێکی زۆری ئەو هۆکارانەی بوونە هۆی دروستبوونی شۆڕشی مەشروتە، پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بە سیاسەتی وڵاتانی بیانی بە تایبەت ڕوسیاوە لە ئێران هەبوو، لە سەرووی هەمووشیانەوە دەستوەردانی لەڕادەبەدەریان لە کاروباری ناوخۆی ئێران و ئەو جیاوگە جۆربەجۆرانەی، کە لە کەرتە جۆربەجۆرەکانی ئێراندا بە دەستیان هێنا بوو(امینی،١٣٨٢ه: صص١٥٣-١٥٤). جگە لەمەش جەنگی ژاپۆن و ڕوسیا لە ساڵی ١٩٠٥ کاریگەریی خۆی هەبوو، بێجگە لەوەی کە یەکێک لە گرنگترین هۆکارەکانی بێداربوونەوەی ئێرانیەکان بوو(شەمیم، ٢٠٢١: ل٥٢٥). لە هەمان کاتدا ڕێگربوو لەوەی کە ڕوسیا لە ساڵانی سەرەتای شۆڕشی مەشروتە دەستوەردانی سەربازیی، بەمەبەستی سەرکوتکردنی ئەو جووڵانەوە جەماوەریە بکات(گرانتوسکی و دیگران، بدون سال: ص٣٨٧). سەرەڕای ئەمە، جەنگی ڕوسیا- ژاپۆن کاریگەریی گەورەی لەسەر چارەنووسی ئێران لەو قۆناغە مێژووییەدا دروستکرد، چونکە لەو کاتەدا، واتە پێش هەڵگیرسانی جەنگی ڕوسیا و ژاپۆن، دەسەڵاتی ڕوسیا گەیشتبووە لوتکە و تا دەهات برشتی سیاسی و دەستوەردانی

لە نێو تەواوی وڵاتانی دراوسێ زۆرتر دەبوو، بە جۆرێک هێرشی ڕوسەکان بۆ سەر ئێران، تەنیا لەسەر بیانوویەکی بچووک وەستابوو. ئەم بارودۆخە هەستێکی وای دروست کردبوو، کە ترسی لەناوچوونی سەربەخۆیی و دابەشبوونی ئێرانی لێدەکرا، خەڵکی هیچ گومانیان لەوە نەمابوو، کە ئەگەر شەڕی ڕوسیا و ژاپۆن(١٩٠٤-١٩٠٥) بە تێکشکانی ڕوسەکان تەواو نەبووایە، پووکانەوە و لێکهەڵوەشانەوەی ئێران مسۆگەر و حاشاهەڵنەگر دەبوو(شەمیم، ٢٠٢١: ل٥٢٥).

جگە لەمانەش، ئەگەر کەمێک بۆ پێشتر و ڕووداوەکانی سەدەی نۆزدە بگەڕێینەوە، دەتوانین ئاماژە بە کاریگەرییە نەرێنیەکانی شکستی ئێران لە بەرامبەر ڕوسیا و بەستنی هەر دوو پەیماننامەی گوڵستان(١٨١٣) و تورکمانچای(١٨٢٨) بە زیانی هاووڵاتیانی ئێرانی بکەین. هەروەها قەرزەکانی دەسەڵاتدارانی ئێرانی و ئەو کۆتوبەند و مەرجانەی، کە لە ئەنجامی ئەو قەرزانە بەسەر ئێراندا سەپێنرا بوون و و چارەنووس و سەروەریی وڵات و لە دەستدانی بەشێک لە خاکی ئێران لە باکور و ڕۆژهەڵات، هۆکارگەلی تر بوون بۆ بێزاریی هاووڵاتیانی ئێرانی. لە سەرووی هەموو ئەمانەشەوە، پشتگوێخستنی مافە گشتیەکان لە لایەن دەسەڵاتدارانی ئێران و ستەم و دەستدرێژیی شازادە و دەستوپێوەندەکانی شا و ئەو خەرجیە زۆرەی، کە شا و دەستوپێوەندەکانی لە گەشتەکانی دەرەوەی وڵات خەرجیان دەکرد، هۆکارگەلی تر بوون بۆ دەستپێکردنی جووڵەی جەماوەریی و بەرپابوونی شۆڕشی مەشروتەی ئێران(مدنی، ١٣٨٦: صص١٠٨-١٠٩).

هەموو ئەمانە و چەندین هۆکاری تری بابەتی، بوونە هۆی دروستبوونی شۆڕشی مەشروتە و دواجار لە ٧ تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٠٦ ئەنجومەنی شورای میللی بە ئامادەبوونی نوێنەرانی سیاسی وڵاتانی بیانی لە کۆشکی گوڵستان بە شێوەی فەرمی کرایەوە(شەمیم، ٢٠٢١: ل٥٦٧). لە ٣٠ کانونی یەکەمی ١٩٠٦ موزەفەرەدین شا واژۆی لەسەر یاسای بنەڕەتیی وڵات کرد، بە هەفتەیەک دوای ئەمەش(انصاری، ١٣٩٤:ص٢٦)، واتە بە دیارییکراوی لە ٨ کانونی دووەمی ١٩٠٧ کۆچی دوایی کرد و کوڕەکەی، محەمەد عەلی میرزا شوێنی گرتەوە و لە ١٩ کانونی دووەم تاجی پادشایەتی ئێرانی لەسەر نا(براون، ١٣٧٦: ص١٣٩).

## باسی دووەم: پەیوەندییەکانی ڕوسیا و ئێران لە ماوەی فەرمانڕەوایەتی محەمەد عەلی شا

محەمەد عەلی شا بە هیچ شێوەیەک لەگەڵ ڕژێمی دەستوری ئێراندا نەبوو(رزمجو، ١٣٤١ :ص٣٣٠)، هەر لەبنەڕەتیشەوە باوەڕی پێی نەبوو، بەڵام بۆ ئەوەی شۆڕشگێڕان ئارام بکاتەوە و کات بۆ کۆکردنەوەی هێز لە دژیان بەدەست بهێت، بەڵێنی دا پابەندی دەستوور بێت(Базиленко, 2011: c179). لەسەرەتادا کاتێک دەسەڵاتی وەرگرت، جگە لە چەمانەوەی بۆ ویستی پەرلەمان و واژۆکردنی یاسای بنەڕەتی، هیچ بژاردەیەکی تری لەبەردەمدا نەبوو، بەڵام لە دوای چەند مانگێک وردەوردە ئەمە گۆڕانی بەسەردا هاتوو بە ئاشکرا دژایەتی مەشروتەخوازانی کرد(Abrahamian, 2008: p49)

لە ماوەی فەرمانڕەوایەتی محەمەد عەلی شا، ئەنجومەن ڕووبەڕووی دژایەتی سەرسەختی ناوخۆیی و دەرەکیی بوویەوە. لە ئاستی ناوخۆیی، دەسەڵاتدرانی کلاسیکی ئێران لە سەرووی هەموویانەوە محەمەد عەلی شا و دەستوپێوەندەکەی، دوژمنی سەرسەختی مەشروتە و مەشروتەخوازان بوون، کە ئەمەش بۆ خۆی بە جۆرێک پەیوەندی بە ڕوسیا و پەیوەندییەکانی ڕوسیا و ئێرانەوە لەو سەردەمەدا هەبوو، دەسەڵاتدارانی ئێران بەشێوەی گشتی و لوتکەی دەسەڵات بەتایبەتی، ئامراز و هۆکاری سەرەکیی چەسپاندن و بەرەوپێشبردن و پاراستنی بەرژەوەندییە سیاسی و سەربازیی و ئابوورییەکانی ڕوسیا لە ئێران بوون، بە شێوەیەک، کە هۆکاری دژایەتیی مەشروتەخوازان، چەندە بە گیانی ئیستبدادی شا و دەستوپێوەندەکەیەوە پەیوەست بوو، ئەوەندەش بەو وابەستەییەوە پەیوەست بوو، کە شا و پیاوانی دەوروبەری لەگەڵ ڕوسیا هەیان بوو، کە هەمیشە هۆکاری مانەوەی خۆیان بەو پەیوەندییانەوە گرێدابوو، کە لەگەڵ وڵاتانی بیانی، لە سەروو هەمووشیانەوە ڕوسیا هەیان بوو.

شای نوێ زۆرتر لە ڕوسەکان نزیکبووەوە و بە هاوکاریی و نزیکیی لەگەڵ ئەوان و ملکەچیی بۆ فەرمانەکانیان، ناوبانگی دەرکردبوو(سەردەشتی، ٢٠١٠: ل٥١)، و خزمەتکارێکی ڕاستەوخۆی بەرژەوەندییەکانی ڕوسیا بوو(Kazemzadeh, 2012: p10) و لە دژی شۆڕشگێڕانی نێوخۆی

وڵاتەکەی وەستابوویەوە و کەوتبووە ژێر کاریگەریی فەرمانڕەوایانی ڕوسیا، بەتایبەتی مامۆستاکەی( Мамедоглы, 2004: c61)، بەشێوەیەک تا ئەو ئەندازەیەی "بوکەڵەیەکی دەست گەمەی ڕوسەکان بوو"(کاسب, ١٣٦٨: ص٦٢٧) ئەو هەر بە منداڵیی بە جۆرێک لە جۆرەکان لەلایەن ئەوانەوە پەروەردە کرابوو. کاتێک باڵوێزی ئێران لە سانپترسبۆرگ ڕاسپێردرا، مامۆستایەکی ڕوس بۆ پەروەردە و گەشەپێدانی جێنشین بدۆزێتەوە(زینویف، ١٣٦٢: ص٣٩). ڕاستەوخۆ دەسەڵاتدرانی ڕوسیا کەسێکیان بە ناوی شاپشاڵ بۆ ئەم مەبەستە پێشنیار کرد(نجمی، ١٣٧٧: ص٢٨)، کە فەرمانبەری وەزارەتی دەرەوەی ڕوسیا بوو(تقی زادە، ١٣٣٨: ص٣٢). سێرگێی مارکۆڤیچ شاپشاڵ لە منداڵییدا بە شێوەی ژیانی موسڵمانان ئاشنا ببوو، کاتێکیش ئەرکی پەروەردە و مامۆستایەتی جێنشینی وەرگرت، سەرکەوتووانە توانی متمانەی بەدەست بهێنێت. ئەو هەمیشە لە گەشتەکانیدا هاوڕێیەتی دەکرد و جێنشینی هاندەدا خۆی فێری زمانی ڕوسی و زانستە جیاوازەکان بکات. ئەم جۆرە نزیکیی و پەروەردەیە کاری کردە سەر شازادەی جێنشین و بە هەمان شێوازی باوکی، هەستی خۆشەویستی ڕوسەکانی لەلا دروستبوو. بە جۆرێک لە دوای وەرگرتنی تاجی پاشایەتیش هەر پارێزگاریی لەو هەستە کرد و ژمارەیەکی زۆر کەسایەتی و ڕاوێژکاری ڕوسی لە دەوری خۆی کۆکردەوە، بۆ نموونە شاپشاڵی مامۆستای وەک سکرتێری تایبەتی خۆی، و سمیرنۆڤی، کاپتنی تۆپخانەی سوپای ڕوسیای، وەک مامۆستا و سەرپەرشتیاری منداڵەکانی و سادۆفسکی پزیشکی ڕوسی لیوای قۆزاقی، وەک پزیشکی تایبەتی خۆی دامەزراند(Andreeva, 2009: p3؛ زینویف، ١٣٦٢: ص٣٩). ئەم هەستی خۆشەویستیی و لایەنگرییەی ڕوسیا، لە ژیانی تایبەتی و ئارەزووە کەسیەکانیشی ڕەنگی دایەوە و چەندین جار جەختی لەسەر سواربوون و بەکارهێنانی ئەسپی ڕوسی و پۆشینی جلوبەرگی قۆزاقە ڕوسیەکان دەکردەوە(سمنانی، ١٣٧٩: ص١٣٢) بەشێوەیەک، لە هەموو ڕەفتارە خۆسەپێن و دیکتاتۆرییەکانیدا، لاسایی تزارەکانی ڕوسیایی دەکردەوە و ئەوانی بە نموونەی باڵای خۆی دەبینی(میرزاوند و حسن پور، ١٣٩٦: ص٢٧).

وەک پێشتر ئاماژەی پێدرا، محەمەد عەلی شا بە هیچ شێوەیەک لەگەڵ ڕژێمی دەستورییدا نەبوو، هەر زوو تێگەیشت، کە وڵات توانای پێشوازیی و قبوڵکردنی دوو دەسەڵاتی جیاوازی نییە، واتە دەسەڵاتی خۆی و ئەنجومەن، بۆیە بڕیاری دا ئەنجومەن هەڵبوەشێنێتەوە و شوێنەواری دەستوریی لە وڵاتدا نەهێڵێت. یەکەم هەنگاویش، کە لەو بارەیەوە گرتیە بەر، بانگهێشتنەکردنی ئەندامانی ئەنجومەنی شورای میللی بۆ ڕێورەسم و ئاهەنگی تاجلەسەردانانی خۆی بوو. دەستپێکی ناکۆکی نێوانیشیان لە هەوڵەکانی شای نوێ بۆ وەرگرتنی قەرزێکی ٤٠٠ هەزار لیرەی لە ڕوسیا و بەریتانیا بەبێ ڕەزامەندی ئەنجومەن دەستی پێکرد، ئەمە لەکاتێکدا بوو، کە بە گوێرەی دەستوری بنەڕەتیی، وەرگرتنی هەر جۆرە قەرزێکی ناوخۆیی و دەرەکیی بەبێ ڕەزامەندی ئەنجومەنی شورای میللی، ڕێگەپێدراو نەبوو و بە پێچەوانەی یاسا دادەنرا(رزمجو، ١٣٤١: صص٣٣٠-٣٣١).

لە ئاستی دەرەکییش دژایەتی شۆڕشی دەستوریی و مەشروتەخوازان، پەیوەندی بە هەڵوێستی ڕوسیا لەو بارەیەوە هەبوو، کە لە ڕاستیدا لە بەرژەوەندییە سیاسی و ئابوورییەکانی ئەو وڵاتەوە سەرچاوەی گرتبوو، ئەوەش لە ئەنجامی ملکەچپێکردنی سیاسیی و ئابووری ئێران بە هاوکاریی بانکی قەرزپێدانی ڕوسی و پێدانی قەرز و ئاڵوگۆڕی بازرگانیی لەگەڵ ڕوسیا بەدەست هاتبوون(رمضانی، ١٤٠٠: ص١١٣). ڕوسیا بە توندی دژی شۆڕشی مەشروتە بوو، وەک هەڕەشەیەک بۆ سەر بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی(Andreeva, 2014: p12) و پیلانێکی بەریتانی بۆ تێکدانی دەسەڵاتی قاجارەکان تەماشای دەکرد( Kazemzadeh, 2013: p598). ئەمە لەکاتێکدا بوو، کە بە شێوەیەکی نەریتیی ئامرازی هەژموونی ڕوسیا لە ئێران خودی شا و داروودەستەکەی بوو(زیباکلام، ١٣٧٧: صص٥٠٤-٥٠٥) بەڵام کاتێک بەهۆی شۆڕشی مەشروتە زۆرینەی دەسەڵات و هێزی سیاسی داروودەستەی قاجار نەما، لە ئەنجامی ئەمەشەوە، بەشێوەیەکی دراماتیکی هەژموونی ڕوسیا لە ئێران دووچاری تێکچوون و لاوازی هات، ئەمە بووە هۆکاری یەکەمی دژایەتی شۆڕشی مەشروتەی ئێران، هۆکاری دووەمیش، ئەو شێوازەی ڕژێم و سیستەمی فەرمانڕەوایەتیە بوو، کە لە ڕوسیا هەبوو، کە بە ڕژێمێکی ستەمکار و دیکتاتۆری ئەژمار دەکرا و حەزی نەدەکرد سیستەمێکی دیموکراسی و پەرلەمانی لە وڵاتێکی دراوسێی گرنگی، وەک ئێران سەرپێ بکەوێت(مهدوی، ١٣٩٢: ص٣٣٣؛ زیباکلام، ١٣٧٧: ص٥٠٤-٥٠٥). تەنانەت شۆڕشی مەشروتەی ئێرانی بە بێڕێزی بە ئیمپراتۆریەتی ڕوسیا دەزانی(رضاعلم و امیری، ١٣٨٦: ص٩٦) چونکە دەیزانی، کە ئامانجی

سەرەکیی شۆڕش دژی هەر جۆرە هەژموون و دەستوەردانێکی بیانییە، ئەوەتا ڕۆژهەڵاتناسی بەناوبانگی سۆڤیەت ئیڤانۆڤ خودی شۆڕشی ١٩٠٥-١٩١١ی ئێرانی بە شۆڕشی دژە ئیمپریالیزم ناودەبات(ЕВДОКИМОВА, 2009: с158).

هەڵوێستی بەریتانیاش هەمدیسان پەیوەندی بە بەرژەوەندییەکانی ڕوسیاوە لە ئێران هەبوو. هەرچەندە هیچ کامیان ئەو باردۆخە نوێیەیان بەلاوە پەسەند نەبوو، حکومەتێکی جێگیر و بوکەڵەییان پێ باشتر بوو، کە ملکەچی جیاوگی بیانیی و ئامانجە ئیمپریالیستییەکانیان بێت(http://wwi.lib.byu.edu/index.php/The_Anglo-Russian_Entente)، بەڵام سیاسەتی دەرەوەی ئێران، کە سەرنجی لەسەر ڕوسیا بوو، ناڕەزایی گەورەی لە نێوەندە سیاسیەکانی بەریتانیا لێکەوتبووەوە، لە هەوڵێکدا بۆ لاوازکردنی کاریگەریی ڕوسیا لە ئێران، لە سەرەتادا بە جۆرێک پشتیوانییان بۆ شۆڕشگێڕانی ئێرانی نیشاندا(Базиленко, 2011: с178) هەر ئەمەش بوو، کاتێک لە ساڵی ١٩٠٦ نیشتمانپەروەران پەنایان بۆ باڵوێزخانەی بەریتانیا لە تاران برد، هانی شای دا، کە دامەزراندنی ئەنجومەنی نوێنەران پەسەند بکات، بەڵام لە بنەڕەتدا ئەم هەنگاوەی بەریتانیا بۆ دوو مەبەستی تر بوو؛ یەکەمیان بۆ ئەوە بوو، کە خۆی وەک پاڵپشتی خواستە چاکسازییەکانی ئێرانییەکان پیشان بدات و دووەمیش بۆ ئەوە بوو، کە سەرنجی شای نوێ؛ واتە محەمەد عەلی شا بۆ لای خۆی ڕابکێشێت و وای لێ بکات لەگەڵ ڕوسیای ڕکابەریدا هاوکاریی نەکات(سەردەشتی، ٢٠١٠: ل٥٦). بۆیە دەتوانین، ئاماژە بەوە بکەین، کە ئەو پشتیوانییەی بەریتانیا لە سەرەتاوە لە شۆڕشی مەشروتەی کرد، لە بنەڕەتدا بۆ کەمکردنەوە و نەهێشتنی دەسەڵات و هەژمووونی ڕوسیا لە ئێران بوو، نەک پشتیوانیی شۆڕشگێڕان و باوەڕبوونی بە مافە دیموکراسیەکانی گەلانی ئێران. لەبەر ئەوەی حکومەتی بەریتانیا لە سیاسەتی تاکلایەنە و هەژموون و دەسەڵاتی بێئەندازەی ڕوسیا لە نێو دەسەڵاتدارانی ئێران ڕازی نەبوو بە دەرچوواندن و بڵاوکردنەوەی رووژنامە ئازادیخوازەکان، کە لە دەرەوەی وڵات چاپ دەکران، یارمەتی مەعنەوی تۆخکردنی ڕقی دیکتاتۆرانی وڵاتی دەدا، بە بیروبۆچوونی بەریتانیەکان، کاتی ئەوە هاتبوو، گۆڕانکاریی بنەڕەتی لە بارودۆخی ئێراندا بکرێت و وڵات لە دەستی شا و سەرۆک وەزیرانی دیکتاتۆری بوکەڵەی دەستی ڕوسیا دەربهێنرێت، هەر لەبەر ئەم هۆکارەش بوو، کاتێک ئازادیخوازان داوای پانابردنە بەر باڵوێزخانەی بەریتانیایان کرد، بە گەرمی پێشوازییان لێکرا و پەنادران(امینی، ١٣٨٢: ص١٦٢؛ مهدوی، ١٣٩٢: ص٣١٨).

## باسی سێیەم: ڕێککەوتنی ساڵی ١٩٠٧ی نێوان ڕوسیا و بەریتانیا و دابەشکردنی ئێران

دژایەتیی و ڕکابەریی نێوان ڕوسیا و بەریتانیا لەسەر پاراستنی بەرژەوەندی و هەژموونیان لە ئێران زۆر درێژەی نەکێشا و گۆڕانکاریی بەسەردا هات و ڕێکەوتن و لێکنزیکبوونەوەی بەریتانیا و ڕوسیا هەلومەرجێکی تەواو نوێی هێنایە کایەوە(رمضانی، ١٤٠٠: ص١١٥). لە سەرەتای سەدەی بیستدا ڕکابەریی نێوان ڕوسیا و بەریتانیا، بە ئامانجی دروستکردنی کاریگەریی سیاسی و ئابووری لە ئێراندا چڕتر بووەوە. ڕوسیا بانگەشەی ڕۆڵی سەرەکی لە کۆنترۆڵکردنی ئێراندا دەکرد، بەڵام شکستییەکەی لە جەنگی ژاپۆن و شۆڕشی ناوخۆی ساڵی ١٩٠٥، بوونە هۆکاری سەرەکی ئەوەی ڕوسیا بە ڕێکەوتن لەگەڵ بەریتانیا ڕازی بێت و ناچار چالاکییە دارایی و بازرگانییەکانیان لە باکووری ئێران سنووردار بکات(МОХАММАД ХАСАН, 2013: с14). لە ڕووی ئاستی دەرەکیش گۆڕانکاریی لە هەڵویست و سیاسەتی بەریتانیا و ڕوسیا لە ئێران و لێکنزیکبوونەوەیان بۆ چەند هۆکارێک دەگەڕایەوە، کە زۆرتر پەیوەندی بە سیاسەتی گشتی نێودەوڵەتی ئەو سەردەمە و مەترسییەکانی دەرکەوتنی هێزێکی گەورەی وەک ئەڵمانیا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەتایبەتی لە ئێران هەبوو(قیداری و قولنجی، ١٣٩٦: صص٢٠٨-٢٠٩). لەم کاتەدا گۆڕانکارییە ناوچەییەکان و دۆخی نێودەوڵەتیی بە جۆرێک پەرەی سەند، کە ڕوسیا و بەریتانیای زۆرتر لەیەک نزیککردەوە، چونکە لەوکاتەدا، جگە لە بەهێزبوون و فراوانبوونی هەژمووونی ئەڵمانیا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، شۆڕش و گۆڕانکارییەکانی ئێران و سەرهەڵدانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی نەتەوەیی لە هیندستان لە ئارادا بوون(Кулагина, 2010: с160) ئەڵمانیا هێرشێکی چالاکی بۆ وەرگرتنی پێگەی ڕکابەرەکانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لەنێویاندا ئێران دەستپێکردبوو، سەرمایەدارە ئەڵمانەکان هەوڵیان دەدا قازانج و جیاوگ لە ئێران بەدەستبهێنن، هاوردەکردنی کاڵاکانیان بە شێوەیەکی بەرچاو زۆر کرد و قەرز و ڕاوێژکاری داراییان بەسەر حکومەتی

ئێراندا سەپاند(Корниловский, 2016: с69). هەرچەندە تێڕوانینی هەریەکە لە ڕوسیا و بەریتانیا بۆ هەژموون و بوونی ئەڵمانەکان لە ناوچەکەدا جیاواز بوو، بەڵام دواجار، بوونی ئەڵمانەکان مەترسی بۆکۆی بەرژەوەندییەکانی هەردوولا دروستدەکرد. بەریتانیا لە ڕووی سیاسییەوە ترسی لە فراوانخوازیی ئەڵمانیا هەبوو، ڕوسیاش وەک مەترسی بۆ سەر لایەنی بازرگانی وڵاتەکەی، تەماشای بابەتەکەی دەکرد، هەر پێشهات و دەرفەتێک بۆ هاتنە ناوەوەی ئەڵمانیا لە ئێران مەترسی لەسەر ئەو پێگە و جیاوگانە دروست دەکرد، کە بازرگانانی ڕوسیا لە ئێران هەیان بوو( Pye, 2015: p41).

هەرچەندە سیاسەت و هەنگاوەکانی ڕوسیا، وەک سەرنج خستنە سەر کەنداوی عەرەبی و پێشڕەوییەکانیان لە ئاسیای ناوەڕاست و سنورەکانی ڕۆژهەڵاتی ئێران، هەوڵەکانیان بە گەیشتن بە بەندەر عباس، دامەزراندنی کونسوڵگەریی لە بەسرە و بوشەهر و ناردنی کەشتی بازرگانیی و جەنگی بۆکەنداوی عەرەبی و چەندین هەنگاوی تر، لەو ماوەیدا بوونە هۆی نیگەرانیی بەریتانیەکان(قدیمی قیداری، ١٣٩٦: صص٢٠٨-٢٠٩) کە لە بنەڕەتدا ئەو ئاراستە و شێوازی سیاسەتەی ڕوسیا؛ واتە جەنگ و ڕووبەڕووبوونەوە لە نێوان ڕوسیا و بەریتانیا، ئەگەر کار بگەیشتبایە پێکدادان، بەڵام نە ڕوسیا و نە بەریتانیاش حەزیان لە پێکدادانی لەو جۆرە نەدەکرد، چونکە ڕوودانی جەنگ لە نێوان ڕوسیا و بەریتانیادا، پەیوەندییەکانی نێوان فەرەنسا و بەریتانیاشی بەرەو خراپتر دەبرد، ئەمەش ئەوە بوو، کە بەریتانیا خۆی لێدەپاراست، چونکە فەڕەنسا لە دژی مەترسییەکانی ئەڵمانیا هاوپەیمانی ڕوسیا بوو، کە هەڕەشەی لە هەردوو لایان دەکرد، جگە لەمە لەگەڵ بەریتانیاش ڕێکەوتنی هەبوو، کە بە ڕیکەوتنی دۆستانە ناسرا بوو(نەووار ، ٢٠٢٠: ل٢٥٠) بەریتانیەکان لەلایەک مەترسیی ڕوسەکانیان لە ئێران و بەڵکان دەبینی و لە لایەکی تر ڕووبەڕووی مەترسی ئەڵمانیا لە ئاسیای بچووک و کەنداوی عەرەبی ببوونەوە، کە بە گەیاندنی ڕێگەی هێڵی ئاسنینی(بەرلین-بەغدا)بە ناوخۆی ئێران، دەیتوانی کێشە بۆ سنورەکانی هندستان دروست بکات(مظفرمقام و مظفری، ١٣٨٧: ص٣٥٣). ئەڵمانەکان هەر لە سەرەتای سەدەی بیستدا بیرۆکەی فراوانبوونیان بەرەو ناوچەکانی ڕۆژهەڵات و چەسپاندنی هەژموونی سیاسی و ئابووریان لە ناوچە جیاوازەکانی ئێران دەستپێکردبوو، پاڵنەری بنەڕەتیش لەم هەنگاوەیان، بەرەنگاربوونەوەی بەریتانیا بوو، بە شێوەیەک، کە ئەوەندەی گەیشتن بە هندستان و لەقکردنی هەژموونی بەریتانی لە ناوچەکەدا، ئامانجی سەرەکی بوو، ئەوەندە ئێران ئامانج نەبوو. بۆیە ڕوسیا و بەریتانیا لە پێناو نەهێشتنی مەترسی ئەو هێزە گەورەیە، ناچاربوون بە شێوەی کاتی واز لە ململانێی نێوانیان بهێنن(الجبار، ١٩٥٥: ص٥٣٦) بەتایبەتی بەریتانییەکان بڕیاریان دابوو، کە هیندستان لە داگیرکاریی و مەترسیی دوور بخەنەوە( Tompkins,1975: p145).

لەم چوارچێوەیەشدا، جگە لە هەڕەشەی ئەڵمانەکان، ترسی ئەوەیان هەبوو، کە بوونی ڕوسیا ببێتە هۆی لەشکرکێشیان و دۆخێک بهێنێتە ئاراوە، کە ئاڵنگاریی دەسەڵاتی بەریتانیا لە هیندستاندا بکات(http://wwi.lib.byu.edu/index.php/The_Anglo-Russian_Entente)، چونکە بەریتانیا بە شێوەیەکی گشتی ئێران و بەتایبەتی کەنداوی عەرەبی، وەک بەشێکی گرنگی سنورە هاوبەشەکانی هندستان دەبینی و دامەزراندنی هەر پێگەیەکی دەریایی یان بەندەرێک لە کەنداوی عەرەبی لە لایەن هەر هێزێکی تری بیانی بە مەترسی و هەڕەشەیەکی جددی بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی خۆی دەبینی. بۆیە بەمەبەستی پێشگیری لە هەژموونی زیاتری ڕوسەکان لە ئێران وکەنداوی عەرەبی و ئەگەری مەترسی بۆ سەر هندستان، بابەتی نەهێشتنی ململانێ وکێبەڕکێی سیاسیان لەگەڵ ڕوسەکان بە دابەشکردنی شوێنی هەژموونی خۆیان لە ئێران پێشنیار کرد، لە ڕاستیدا بەریتانیەکان گەیشتبوونە ئەو باوەڕەی، کە بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆیان و بەدەستهێنانی ڕەزامەندی ڕوسەکان، قوربانی بە ئێران بدەن(قدیمی قیدار و قولنجی، ١٣٩٦: صص٢٠٨-٢٠٩).

دواجار بەریتانیا و ڕوسیا بڕیاریان لەسەر دابەشکردنی خاکی ئێران دا، کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوانیان لەو بارەوە چارەسەر بکەن(نەووار، ٢٠٢٠: ل٢٥٠)، ڕێکەوتننامەیەکیان لە ٣١ی ئابی ١٩٠٧، سەبارەت بە ئێران و ئەفغانستان و تیبت لە سانپترسبۆرگ واژۆ کرد، کە بە ڕێکەوتنی ساڵی ١٩٠٧ ناسراوە، بەشێکی گرنگیی تایبەت بە دابەشکردنی خاکی ئێران بەسەر سێ ناوچەی هەژموون و دەسەڵاتی جیاواز بوو؛ بەشی باکوری ئێران بە ڕووبەری٧٩٠ هەزار مەتر چوارگۆشە لە باکووری هێڵی قەسری شیرین، ئەسفەهان، یەزد، زولفەگەر لە یەکگرتنی سنوورەکانی ئێران، ئەفغانستان و ڕوسیا، وەک کایەی کاریگەریی ڕوسیا ڕاگەیەندرا، بەشی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئێران، بە ڕووبەری ٣٥٥ هەزار

مەتر چوارگۆشە لە باشوری ڕۆژهەڵاتی هێڵی بەندەرعەباس، کرمان، بیرجەند، گازیک لەسەر سنووری ئێران و ئەفغانستان کایەی کاریگەریی بەریتانیای پێکدەهێنا، لەگەڵ ناوچەیەکی بێلایەن لە ناوەڕاستی ئێران، کە بۆ دەسەڵاتدارانی قاجار بەجێهێڵرابوو. بەگوێرەی ئەو ڕێکەوتنە، هەر دوولا بڕیاریان دا، کە هیچ لایەکیان لە ناوچەی هەژمووونی یەکتر، هیچ جۆرە جیاوگێک لە بابەتی دروستکردنی ڕێگەی ئاسن، بانک، تەلەگراف و هۆکاری گواستنەوە و بیمە، نە بۆ خودی دەوڵەت و هاووڵاتیانی خۆیان، و نە بۆ هیچ هاووڵاتیەکی تری بیانیی وەرنەگرن. ئەمە سەرەڕای ئەوەی، هەریەکەیان هەموو ئەو جیاوگانەی بە فەرمی ناساند، کە پێشتر بەدەستیان هێنابوو(پیرنیا و دیگران، ١٣٩٣: ص٩٥٠؛ Авдеев,: c2؛ Кулагина,2010 : c164؛ Avery, 2007: p205). ئەم ڕێکەوتنە گرنگییەکی ئێجگار زۆری بۆ هەردوو لایان هەبوو، چونکە جگە لەو خاڵانەی، کە لەسەری ڕێککەوتبوون، بووە هۆی ئەوەی، کە لە بواری تریش لەسەر ئاستی جیهان هاوکاریی یەکتری بکەن، بۆیە دەکرێت بووترێت، کە گرنگییەکەی لە خودی ناوەڕۆکەکەی زۆرتر بوو(Tompkins,1975: p109) بەتایبەتی بۆ بەریتانیەکان؛ بە واتایەکی تر سوود و قازانجی ڕێکەوتنەکە بۆ بەریتانیا ئەوەندە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیی و هەژموونی جیهانیی، لە بابەتی بەرەنگاربوونەوەی مەترسیەکانی هەژموونی ئەڵمانیا لە ناوچەکەدا، سوودی هەبوو، بە ئەندازەی ئەوە سوودی لە خودی دابەشکاریی ناوچەی ڕێکەوتنەکە نەبوو.

لە١١ ئەیلولی ١٩٠٧ کۆپییەکی ڕێکەوتنەکە ڕادەستی وەزارەتی دەرەوەی ئێران کرا. ئەمە تووڕەیی ڕای گشتی هاووڵاتیانی ئێرانی لێکەوتەوە(Кулагина, 2010: c165) بووە هۆی هەڵچوون و ناڕەزایەتی خەڵک و ئەندامانی ئەنجومەنی خوولی یەکەمی شورای میللی. حکومەتی ئێران ڕایگەیاند، بەهیچ شێوەیەک ئەم ڕێکەوتنە بە فەرمی ناناسێت(امینی، ١٣٨٢: ص١٧٤) بە دابەشکردنی وڵاتەکەی بۆ شوێن هەژموونی ڕوسیا و بەریتانیای دەزانێت و وای دەبینێت کە ئەم هەنگاوە پشتیوانی بەریتانیایە لە چالاکی و سیاسەتی ڕوسەکان لە ئێران(اولسون، ١٣٩٨: ص١٦) هەرچەندە، وەک کاردانەوەیەک لە دژی سیاسەتی ڕوسیا و بەریتانیا لە تاران و شارەکانی تری ئێران، خۆپیشاندان و ناڕەزایەتی هاووڵاتیانی ئێرانی دەستی پێکرد، بەڵام حکومەتی ئێران زۆر لەوە لاوازتر بوو، کە بتوانێت ڕێگریی لە جێبەجێکردنی ڕێکەوتنێکی لەو شێوەیە بکات، بۆیە هەردوو دەوڵەت بە شێوەی پلەبەندی، دەستیان بە جێبەجێکردنی و داگیرکردنی ناوچەکانی شوێن هەژموونی خۆیان کرد و هیچ گوێیان بە ناڕەزایەتیەکانی ئێران نەدا(امینی، ١٣٨٢: ص١٧٤). لەمەشدا هەریەکەیان مەبەست و ئامانجێکی دیاریکراوی هەبوو، ڕوسەکان داگیرکردنی زۆرتری خاکی ئێران و بەریتانیەکانیش دروستکردنی بەربەستێک بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان لە دەریای عومان و هندستان(مخبر السلطنه، ١٣٦٣: ص١٩٧).

ئەم ڕێکەوتنە جگە لەوەی هەلێکی بێپێشینەی بۆ ڕوسیا فەراهەم کرد، کە دەستوەردانی زیاتر لە کاروباری ناوخۆی ئێران بکات(رمضانی، ١٤٠٠: ص١١٥). لە هەمان کاتدا سەردەمێکی نوێشی لە پەیوەندییەکانی نێوان ڕوسیا و بەریتانیا لە ئێران هێنایە ئاراوە، سەردەمێک، کە بەریتانیەکان وازیان لە ڕوسەکان هێنا، هەر جۆرە ئاژاوە و خراپەکارییەک، کە بیانویستایە لە ئێران ئەنجامی بدەن(قدیمی قیدار و قولنجی، ١٣٩٦: ص٢١٠). ئەگەرچی لە دەقی ڕێکەوتنەکە و دواتریش هەریەکە لە بەریتانیا و ڕوسیا ڕایان گەیاند، کە پارێزگاریی تەواو لە سەربەخۆیی و یەکپارچەیی خاکی ئێران دەکەن، بەڵام حکومەتی ئێران تەنانەت لە کۆنفرانسەکەش ئاگادار نەکرابوویەوە، دواتریش ئەم ڕێکەوتنە بە شێوەیەکی کارا بۆ سەرکوتکردنی شۆڕشی مەشروتە و نکوڵیی لە سەربەخۆیی سیاسیی ئێران بەکارهێنرا(قدیمی قیدار و قولنجی، ١٣٩٦: ص٢١٠؛ Andreeva,2009: p11)، چونکە دوای واژۆکردنی ڕێکەوتنەکە، هەریەکەیان ڕێگەپێدراو بوو، بە شێوەی ئازادانە لە ناوچەکانی ژێر هەژموونی خۆی، دەستوەردانی سەربازیی بکات(گرانتوسکی و دیگران، بدون سال: ص٣٨٩)، بەتایبەت ڕوسەکانی زۆرتر دەستکراوە کرد، تا دەستوەردان و داگیرکاریی زۆرتر لە ناوچەکانی ئێران ئەنجام بدەن.(جزئی، ١٣٨٨: ص٩٥) ئەم ڕێکەوتنە گورزێکی توندی لە بزوتنەوەی نیشتمانیی ئێران وەشاند، بووە هۆی زۆربوونی چالاکی و جموجوڵەکانی ڕوسیا و بە ناوی پارێزگاریی لە کونسوڵگەرییەکانی، بەتایبەتی لە ناوچەکانی باکوری ئێران، ژمارەیەکی زۆر سەربازی هێنایە شارەکانی ئێران ئەمەش بەهێزبوونی هەژموونی ڕوسیای لە بەرژەوەندی شا و کۆنەپەرستانی ئێرانی لێکەوتەوە(مجذوب، دون سنە: ص٢١١) هەر دوای ئەمەش، ڕاستەوخۆ ڕوسیا لە ڕێگەی کڕین یان بە زۆر داگیرکردنی

زەوییەکانی باکوری ئێران و نیشتەجێکردنی هاووڵاتیانی ڕوسی لەو شوێنانە، جۆرێکی تری داگیرکارییان لە ناوچەکانی باکوری ئێران دەست پێکرد(نصرآبادی و دیگران، ١٣٩٩: ص٦١).

جگە لەمەش، کاریگەرییەکی تری نەرێنی ڕێکەوتنەکە لەسەر بارودۆخی ناوخۆیی ئێران، پچڕانی هەر جۆرە پەیوەندییەکی دۆستانەی نێوان شا و ئەنجومەنی شورای میللی بوو. پاش ئەوەی ڕێکەوتنەکە ڕوسیای لە دەستبەسەرداگرتنی ناوچەکانی باکوری ئێران دەستکراوە کرد، شا لە ئەنجومەنی نوێنەران هەڵگەڕایەوە و بڕیاری دا ئەندامەکانی پەرتەوازە بکات(سەردەشتی، ٢٠١٠ : ل٥٢) زۆرتر حەزە دیکتاتۆرییە سەرکوتکارییەکانی دەربخات. نەک هەر ئەوەش بەڵکو دەستیشی بۆ ئەنجامدانی هەر کارێک کراوە کرد، بەبێ ئەوەی ترسی لە دەستوەردانی بەریتانیا لە پشتگیریکردنی لایەنگرانی مەشروتە هەبێت(الجاف، ٢٠٠٨: ص٣٢٠).

باسی چوارەم: هەڵوێستی ڕوسیا لە بەرامبەر هەنگاو و چالاکییەکانی ئەنجومەنی شورای میللی

وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا، شۆڕشی مەشروتە ڕووبەڕووی دژایەتی سەرسەختی ناوخۆیی و دەرەکیی بووەوە، ئەم دژایەتییەی هەر دوولاش؛ واتە محەمەد عەلی شا لە ئاستی ناوخۆیی و ڕوسیا لە ئاستی دەرەکیی لە بەرامبەر شۆڕشی مەشروتە و مەشروتەخوازان لە خۆوە نەبوو، هەنگاو و جوڵەکانی مەشروتەخوازان، کرۆکی بەرژەوەندی و پلەوپایە و دەسەڵات و هەژموونی ئەوانی کردبووە ئامانج. هەر لەگەڵ سەرپێکەوتنی شۆڕش و دامەزراندنی ئەنجومەنی شورای میللی، دەسپێکی کار و هەنگاو و سەرنجەکانی ئەنجومەن لەسەر هەندێک بابەت بوو، کە زۆرترینیان پەیوەندییان بە بەرژەوەندییەکانی ڕوسیاوە هەبوو، لەوانە ڕێگرییکردن لە وەرگرتنی هەر جۆرە قەرزێک لە ڕوسیا و بەریتانیا، هەڵوەشاندنەوەی نەریتی دەستوەردان یا سوودی نارێکخراو و ناڕەوا بەتایبەت لە باجەکان، ڕزگاربوون لە گەندەڵی و خراپەکاری کارمەندانی گومرگی بەلجیکی و تەواوی ئەوکەسە بیانیانەی، کە کاریان لە ڕێکخستنی گومرگەکانی ئێراندا دەکرد(براون، ١٣٧٦: ص١٤١؛ شەمیم، ٢٠٢١: ل٥٧٤).

جگە لەم هەنگاوانەی سەرەوە، هەندێک بابەتی تر، کە لێدانێکی ڕاستەوخۆی بەرژەوەندییەکانی ڕوسیا بوو لە ئێراندا، بە ڕەزامەندی ئەنجومەنی شورای میللییەوە پەیوەست کران و لە دەستی شا دەرهێنران، وەک پێشنیار دەربارەی گواستنەوە، یان فرۆشتنی بەشێک لە سامانە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان بە کەسانی بیانی، گۆڕانکاریی لە سنورەکانی وڵات، دامەزراندنی کۆمپانیای پشکدار، پەیمان و ڕێکەوتنامە و دانی جیاوگی ئابووری و پیشەسازی و کشتوکاڵی بە هاووڵاتی ئێرانی، یان هەر هاووڵاتیەکی بیانی، وەرگرتنی قەرزی حکومی لەژێر هەر ناونیشانێک لە سەرچاوەی ناوخۆ یان دەرەکیی، دروستکردنی جادە و ڕێگەی ئاسنین(رمضانی، ١٤٠٠: ص١١٢) بەشێوەیەک سەرجەمی ئەو یاسایانەی، کە بۆ بەڕێوەبردنی وڵات پێویست بوون، لەلایەن ئەنجومەنەوە دادەنران و ئەنجومەن دەسەڵات و بەدواداچوونی لێکۆڵینەوەی هەمووکاروباری وڵاتی لە ئەستۆ گرتبوو، بەبێ دەنگدان و ڕەزامەندی ئەنجومەنی شورای میللی، هیچ یەکێک لەو بابەتانەی سەرەوە ڕێگە پێدراو نەبوون(بیات و دیگران، ١٣٩٣: ص٣٨٤) ئەمە؛ واتا بڕینی دەستی بێگانە لە وڵات و کەمکردنەوەی دەسەڵاتی شا و دەستوپێوەندەکانی لە بڕیار و پرسە چارەنووسساز و گرنگەکانی وڵات، لەکاتێکدا دەزانین کە شا و دەستوپێوەندەکانی ئامرازی جێبەجێکردنی بەرژەوەندییە سیاسی و ئابوورییەکانی وڵاتانی بیانی، بەتایبەتی ڕوسیا بوون. بۆیە بێلایەنی و خۆدوورگرتن لە ڕووداوەکانی شۆڕشی مەشروتە و ئەو هەنگاوانەی، کە ئەنجومەنی شورای میللی گرتیەبەر، لەبەر چەند هۆکارێک بۆ دەوڵەتێکی وەک ڕوسیای دراوسێ و خاوەن بەرژەوەندی قووڵی سیاسی و ئابووری و سەربازیی لە ئێران چاوەڕوانکراو نەبوو، لەوانە:

١- بە سەرمایەی حکومەتی ڕوسیا دوو ڕێگەی بازرگانیی گرنگ لە ئێران: ڕێگەی ئەنزەلی- تاران و جولفا- تەورێز دروستکرابوون.

٢- بابەتی بانکی قەرزپێدان و ئەو قەرزانەی، کە بە حکومەتی ئێرانی دابوون، بانکی قەرزپێدان، جگە لە تارانی پایتەخت، ژمارەیەکی زۆر لقیشی لە شارەکانی تری ئێراندا هەبوو، کە کارئاسانییەکی زۆری بۆ بابەتی بازرگانی نێوان ئێران و ڕوسیا دەکرد.

٣- بابەتی ماسی و ڕاوە ماسی لە دەریای قەزوین.

٤- لە ئازربایجانیش هاووڵاتیانی ڕوسی، بە بەهای چەندین ملیۆن ڕۆبڵی ڕوسی، خاوەنی ژمارەیەکی زۆر موڵک و ماڵ بوون.

بۆیە پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ڕوسیا لە ئێران، ببووە شتێکی پێویست و پێشنیارەکەی بەریتانیا بۆ خۆدوورگرتن لە دەستوەردان لە کاروباری ناوخۆی ئێران لە سەرەتاکانی دروستبوونی شۆڕشی دەستوریی، بە لای ڕوسیاوە قبوڵکراو نەبوو(زینویف، ١٣٦٢: ص٥٤).

ڕوسەکان هەر لە یەکەم ڕۆژەوە دژی شۆڕشی دەستوریی بوون و، هەر ڕۆژ کە تێدەپەڕی زۆرتر دژایەتیان دەکرد(زیباکلام، ١٣٧٧: صص٥٠٤-٥٠٥). دواجار گەیشتنە ئەو بڕیارەی، کە لە ڕێگەی شا و تەواوی بەکرێگیراوانی خۆیان، کۆتایی بە شۆڕشی دەستوریی ئێران بهێنن. بۆ ئەو مەبەستە فەرمانیان بە باڵوێزی ڕوسیا لە ئێران و لیاخۆڤ فەرماندەی لیوای قۆزاق کرد، کە ڕێوشوێنی پیویست بۆ ئەو مەبەستە بگرنەبەر(مهدوی، ١٣٩٢: ص٣٣٣) لەم چوارچێوەیەدا، لە ڕێگەی باڵوێزخانەکەیان هوشیاریان دا، کە ناتوانن بۆ ماوەیەکی دیارینەکراو چاوەڕێ بکەن و مۆڵەت بە تێکچوونی بارودۆخی ناوچە جیاوازەکانی ئێران بدەن. لە تەواوی ئەو ماوەیەشدا هاوکاریی و هانی محەمەد عەلی شایان دەدا، کە لە دژی ئەنجومەن ڕێوشوێنی پێویست بگرێتە بەر و بۆ دروستکردنی نائارامی و پشێویی لە وڵات، پارەی پێویستیان دابین کرد(یزدانی، ٢٠٠٣: ص٢٦٠؛ براون، ١٣٧٦: ص١٥٢). ئەمە تەنیا هەڵوێستی سەرکردە سەربازیی و نوێنەرە سیاسی و دیپلۆماسیەکانی ڕوسیا نەبوو، بەڵکو لەسەر بەرزترین ئاست گرنگیان بەو بابەتە دەدا. نیکۆڵای دووەمی تزاری ڕوسیا، لە وەڵامی باڵوێزی ڕوسیا لە ئێران لە ڕێکەوتی ٣١ کانونی یەکەمی ساڵی ١٩٠٧، کە لەسەر بارودۆخی قەیراناوی ئێران زانیاری پێشکەش کردبوو، دەڵێت: "ڕزگارکردنی ئێران و دەسەڵات و فەرمانڕەوایەتی شا، تەنیا لە ڕێگەی هەڵوەشاندنەوەی ئەنجومەن و سەرکوتکردنی تەواوی کۆبوونەوە شۆڕشگێڕییەکان دەبێت و ئەمە تەنیا وەڵامی منە"(جزئی، ١٣٨٨: ص٩٦) بۆیە دەبینین ڕوسەکان هیچ کات ئەوەیان نەدەشاردەوە، کە لە ململانێی نێوان ئەنجومەن و شادا لایەنگریی و پشتیوانیی تەواو لە شا دژی مەشروتە و مەشروتەخوازان دەکەن(آدمیت، ١٩٨٥: ص٣٥٣) ئەم هەڵوێستەی ڕوسیاش زۆرتر هانی شای دا تا بەرەنگاریی ئەنجومەن و مەشروتەخوازان ببێتەوە(نوربخش، ١٣٨٠: ص١٧٥٥).

دواجار هەڕەشە و نیگەرانیی ڕوسەکان چووە بواری کرداریی و دەستیان بە جێبەجێکردنی هەموو ئەو هەڕەشانە کرد، کە بۆ دژایەتی و بەرەنگاربوونەوەی ئەنجومەن و مەشروتەخوازان دەیانکرد. پلانەکەشیان بەشێکی لە ڕێگەی محەمەد عەلی شا و بەشێکی تریشی ڕاستەوخۆ و لە ڕێگەی سوپا و لەشکرکێشیی بۆ سەر خاکی ئێران جێبەجێکرد. سەرچاوە مێژووییەکان ئاماژە بەوە دەکەن، کە کۆلۆنیل لیاخۆڤ، فەرماندەی لیوای قۆزاق پێش هەر جۆرە جوڵە و هەنگاوێک بۆ هێرشکردنە سەر بینای ئەنجومەنی شورای میللی، لە ڕێگەی باڵوێزخانەی ڕوسیا لە تاران، هاوئاهەنگی پێویستی لەگەڵ وەزارەتی دەرەوە و فەرماندەی سوپای قەفقاز ئەنجامداوە. لە ڕاپۆرتێکی نهێنیدا، کە ڕێکەوتی ٣١ ئاداری ١٩٠٨ لەسەرە و بۆ ناوەندی سەرکردایەتی هێزەکانی قەفقازی نووسیوە، هاتووە: "جەنەراڵی پایەبەرز ئەم گەلاڵەنامەیە، کە من و وەرگێڕی یەکەمی باڵوێخانە نووسیومانە، پاش ئاڵوگۆڕی چەند تەلەگرافێک لەگەڵ پیترسبۆرگ، تەنیا کەمێکی گۆڕدراوە و دەکرێت بڵێم بەبێ دەربڕینی هیچ تێبینیەک، پەسەندکراوە، خودی محەمەد عەلی شا، وەکو کەسێکی ئێرانی لە شەڕ و تێکهەڵچوون دەترسا و زۆر دوودڵ بوو، و ڕێگای سوک و ئاسانتری دەختسەڕوو، هەر بۆیە بەناچاریی ڕوومان کردە چەند هۆکارێکی یەکلاکەرەوە. پێمان ڕاگەیاند، کە لە هەلومەرجی ئێستادا گەڵاڵەکەی ئێمە بۆ بەڕێوەچوون، باشترین گەلاڵەیە و دەبێ بزانیت، کە حکومەتی ڕوسیا پەسەندی کردووە، ئەگەر بێت و بەم گەڵاڵەنامەیە ڕازی نەبێت، ئیتر حکومەتی ڕوسیا بۆ یارمەتیدان، هیچ جۆرە شتێک ناخاتە بەرپرسیاریەتی خۆی و لەو ڕووداوانە بەرپرسیاریش نابێت، کە پێشتر ڕوویانداوە. ئەم شێوە قسەکردن و ئاخاوتنە کاری خۆی کرد و شا بەزوویی ڕەزامەندیی دەربڕی و بۆ بەڕێوەچوونی گەلاڵەکە، بەلێبڕاوی بەڵێنی جێبەجێکردنی دا، کە خاڵەکانی بریتیین لە:

١- باڵوێزخانە و شا تێدەکۆشن ئەندامانی دیاری پەرلەمان بە پارە و بەڵێن بکڕن و بەلای خۆیاندا ڕایان بکێشن، هەتا لە دوا کۆبوونەوەکانی پەرلەمان بە گوێرەی فەرمان بجوڵێنەوە.

٢- هەتا ڕەخساندنی هەلی تەواو، نابێت ڕواڵەتی دۆستایەتی لەگەڵ پەرلەمان تێکبدرێ و دەبێت بە جۆریک بجووڵێنەوە، کە وا بزانن لایەنەکان تێدەکۆشن بارەکە بەرەو چاکسازی بڕوات، بۆ ئەم مەبەستەش درێژە بە گفتوگۆ و باسەکانی نێو پەرلەمان بدرێت.

٣- بە دانی بەرتیل، یان بە شێوەی دیکە، هەوڵبدرێت، کە چەکدارانی مزگەوتەکان، یان ئەنجومەن بۆ لای حکومەت ڕابکشرێن؛

٤- بەرتیل بە سەرۆکی ئەنجومەنی شارە گەورەکان بدرێت، تا لە رۆژێکی دیارییکراودا نەهێڵن ئەندامانی ئەنجومەن لە جێی خۆیان بجووڵێن و دەربکەون.

٥- رۆژێک بەر لە کاتی دیارییکراو، یان زووتر، پێویستە گروپێک لە قۆزاق بە جلوبەرگی گۆڕدراو بۆ سەر پەرلەمان یان مزگەوتی سوپاسالار بنێردرێن. ئەمانە دەبێت تەقە بە ئاسماندا بکەن، وەک بیانوویەک بۆ تۆپبارانکردنی بینای ئەنجومەن و سەر لە پاسەوانەکان تێکبدەن.

٦- رێوشوێنی پێویست بگیرێتە بەر، تا نارازییان نەتوانن بۆ مانگرتن، پەنا بۆ باڵوێزخانەی وڵاتانی بیانیی، بەتایبەت باڵوێزخانەی بەریتانیا ببەن.

٧- دوای ئامادەبوونێکی تەواو، لیوای قۆزاق لە رۆژێکی دیارییکراودا پەرلەمان گەمارۆدەدات و دەست دەکات بۆ تۆپباران و پاسەوانەکان پەرش و بڵاودەکات.

٨- دوای تۆپبارانەکە، ماڵی مەشروتەخوازان و نوێنەرانی پەرلەمان لە لایەن خەڵکەوە تاڵان دەکرێت.

٩- سەردەستەی مەشروتەخوازان و نوێنەران و لایەنگرانی ئەنجومەن دەستگیر دەکرێن و بەگوێرەی پێگەی کۆمەڵایەتی هەریەکەیان، ژمارەیەکیان لە سێدارە دەدرێن و ژمارەیەکیشیان بۆ دەرەوەی وڵات دووردەخرێنەوە.

١٠- بەمەبەستی هێورکردنەوەی بیروڕای گشتی و وڵاتانی بیانیی، فەرمانێک بە مەبەستی هەڵبژاردنی سەرلەنوێی ئەنجومەن بڵاودەکرێتەوە.

محەمەد عەلی شا ڕەزامەندی لەسەر ئەم کارە دەربڕی و داوایکرد، سەربازانی ئێرانیش بەشداری تێدا بکەن، بەڵام من بە ڕاشکاوی گوتم نابێ و ڕەتم کردەوە. باڵوێزی بەڕێز لەبەر دەربڕینی نارەزایەتی وڵاتانی دیکە ڕازی نەبوو، کە من بەشێوەی ڕاستەوخۆ بەشداریی تۆپبارانەکە بکەم، من لەسەر فەرمانی جەنەراڵی پایەبەرز، لەبەر ئەوەی، کە دەزانم ئەفسەرانی ئێرانی هەرچەندە وەفاداری ڕوسیا بن، دیسان هەر ئێرانین و لە کات و ساتی ناسکدا هەستیان دەبزوێت، بۆیە پێم لەسەر بەشداریی ڕاستەوخۆم لەو هەڵمەتەدا داگرت. جەنەراڵی پایەبەرز! دڵنیابن ئەو لیوایەی، کە خراوەتە بەردەستی من، هەم لە نێو ئەفسەران و هەم لەنێو سەربازەکاندا، ئەوپەڕی ڕێکوپێکی و وەفاداریی بەسەریاندا زاڵە، ئەگەر بێت و کەندوکۆسپێک یان گرفتێک نەیەتە پێش، دەتوانم دەستەبەری سەرکەوتنی هەڵمەتەکە بکەم. چاوەڕێی فەرمانی ئێوەی پایەبەرزم کۆلۆنێل لیاخۆڤ/٣١ ئادار ١٩٠٨ تاران"(مامونتف، ١٣٦٣: ص١٠٨-١١٠؛ یزدی، ١٣٥٨: ص١١٧؛ براون، ١٣٧٦: ص٢١٠).

ئەم پلانەی ڕوسەکان، لەگەڵ نیاز و مەرامەکانی شا بۆ ڕووبەڕووبوونەوە و کۆتاییهێنان بە ئەنجومەنی شورا و مەشروتەخوازان هاوکات بوو. شا گەیشتبووە ئەو باوەڕەی، کە کاتی ئەوە هاتووە، گورزێکی سەربازیی خێرا لە بزوتنەوەی نیشتمانیی بوەشێنێت، راوێژکارەکان جەختیان لەسەر ئەوە دەکردەوە، کە چەندە لێدانی سەربازیی بزوتنەوەی نیشتمانی دوابکەوێت، هێندە هەلیان بۆ بەهێزکردنی خۆیان و دروستکردنی هێز لە دژی حکومەت دەدرێێ. بۆیە شا خۆی ئامادەکرد، کە دەستی خۆی بوەشێنێت و بۆ ئەو مەبەستەش پەیوەندییەکانی لەگەڵ دامودەزگاکانی ڕوسیادا زیاتر بەهێز کرد(نەووار، ٢٠٢٠: ل٢٥٣).

خاڵی دەستپێکردنی هەنگاوەکەش ئەوکاتە بوو، کە لە ٢٧ شوباتی ١٩٠٧ هەوڵی تیرۆکردنی شا درا، لێرەوە ئیتر زۆرتر ڕقی لە مەشروتەخوازان بووەوە و بیانووشی کەوتە دەست بۆ لەناوبردنی ئەنجومەن و سەرکوتکردنی شۆڕشی دەستوریی(امینی، ١٣٨٢: ص١٦٩) لە هەمان کاتدا ئەم ڕووداوە بیانوشی دایە دەست ڕوسەکان، تا کۆتایی بە ئەنجومەن بهێنن. لە ٢ حوزەیرانی ساڵی ١٩٠٨ باڵوێزی ڕوسیا هارتویگ و کاربەڕێکەری باڵوێزخانەی بەریتانی مارلینگ ڕاستەوخۆ دەستوەردانیان لەم بابەتەدا کرد، کە ئەگەر نەڵێین ئەم هەنگاوەیان بووە هۆی ئەو ڕووداوانەی کە لە سێ هەفتەی دوای ئەو چاوپێکەوتنەیان ڕوویاندا، ئەوا دەتوانین بڵێین، رۆڵی گرنگ و یەکلاکەرەوەی لەو ڕووداوانەدا هەبوو، کە لەو ماوەیەدا ڕوویاندا. دوای ئەوەی چاویان بە وەزیری دەرەوەی ئێران کەوت، هارتویگ باڵوێزی ڕوسیا لە وتارێکی دووردرێژی هەڕەشە ئامێزدا بەو ڕستەیە کۆتایی بە قسەکانی هێنا و ڕایگەیاند:"گیانی شا لە مەترسیدایە، نیشتمانپەروەران و ئەنجومەنەکان خەریکی دوورخستنەوەی شان، ئێمە ناتوانین ئەمە قبوڵ بکەین، ئەگەر بەم شێوەیە بێت، ڕوسیا ناچارە دەستوەردان بکات، ئەم کارەش بە ڕەزامەندی و پشتگیریی بەریتانیا بەڕێوە دەچێت( Мамедоглы, 2004: pc64؛ شوستر، ١٣٩٨: ص٣١؛ مخبر السلطنه، ١٣٦٣: ص٢١٤؛ براون، ١٣٧٦: صص١٩١-١٩٢).

دوای ئەم هەڕەشانەی باڵوێزی ڕوسیا، پلانەکەی محەمەد عەلی شا و ڕوسیا چووە بواری جێبەجێکردنەوە و لە ٢٣ حوزەیرانی ١٩٠٨ لیوای قۆزاق بە فەرمانی لیاخۆڤ هێرشی بۆ سەر ئەنجومەنی شورای میللی کرد و تۆپبارانی کرد، ئەنجامی ئەم ڕووداوە، گیانلەدەستدانی نزیکەی ٢٥٠ بۆ ٣٠٠ کەس لە لایەنگرانی مەشروتە(رزمجو، ١٣٤١: ص٣٣٣؛ گرانتوسکی، بدون سال: ص٣٩١) و کوژراو و برینداربوونی نزیکەی ١٠٠ کەس لە هێرشبەران بوو( Кулагина, 2010: c172) بۆ ڕۆژی دواتر؛ واتە ڕێکەوتی چوارشەممە ٢٤ حوزەیرانی ١٩٠٨ دەسەڵاتی سەربازیی لە تاران بە گوێرەی فەرمانێکی شاهانە ڕاگەیەنرا، کە مۆری شای لەسەر بوو، لیاخۆڤ بە فەرماندەی گشتی تارانی پایتەخت دیاریکرا،(حسینی، ١٣٥١: ص٢٦٤) و سەرجەم هێزە ئەمنی و سەربازییەکان و پۆلیسی شار خرانە ژێر فەرماندەییەوە(تفریشی، ١٣٦٢: ص١٤٥). پاشان لیاخۆڤ بە دەرکردنی ڕاگەیەنراوێک، داوای لە دانیشتوانی تارانی پایتەخت کرد، خۆیان لە هەڵگرتنی هەر جۆرە چەکێک بپارێزن و لە کۆبوونەوە لە کۆڵان و شەقامەکانی تاران و پێکدادان لەگەڵ هێزە سەربازییەکان دووربکەونەوە. لە هەمان کاتدا مۆڵەت بە هێزە ئەمنیەکان درا، تەقە لە هەرکەسێک بکەن، کە سەرپێچیی لەو بڕیارانە بکات.(نوربخش، ١٣٨٠: ص١٧٩٩) بەم شێوەیەش کۆتایی بە خولی یەکەمی ئەنجومەنی شورای میللی هات و شۆڕش لە تارانی پایتەخت کۆتایی پێهات. ڕوسەکان بەم هەڵوێستەیان بە تەواوی ئەوەیان دەرخست کە لە هیچ هەلومەرجێکدا ڕازی نابن بەرژەوەندیەکانیان بکەوێتە مەترسیەوە و ئامادەن بە هەر جۆرێک بێت، تاکو بەکارهێنانی هێزی سەربازی بە شێوەی ڕاستەوخۆش پارێزگاری لە مانەوە و بەردەوامی دەستەڵاتی شا و دەستوپەیوەندەکەی لە بەرژەوەندی خۆیان بکەن. بەبێ ئەوەی ڕەچاوی هیچ جۆرە سنور و پیرۆزیەک لە چەشنی گیانی هاوڵاتیانی ئێرانی و ڕێزگرتن لە باڵەخانەی ئەنجومەنی شورای میللی کە هێما و سمبولی خەبات و هەوڵ و تێکۆشانی ئازادیخوازان بوو بگرن.

## دەرئەنجام

١- ڕووداوەکانی سەرەتای سەدەی بیست، قۆناغێکی گرنگ لە مێژووی هاوچەرخی ئێران پێکدەهێنن، لەم ماوەیەدا گۆڕانگارییەکانی پەیوەست بە پەیوەندییەکانی ڕوسیا و ئێران لەسەر ئاستی دەرەکی و شۆڕشی مەشروتە لەسەر ئاستی ناوخۆی بۆ گەل و فەرمانڕەوایانی ئێران گرنگ و چارەنوسساز بوون. لە ناوخۆی وڵات گۆڕانی سیستمی سیاسی لە پادشایەتی ڕەها بۆ بوونی پەرلەمان و هەڵبژارن و نوێنەرایەتی خەڵکی، لەسەر ئاستی دەرەکیش دەستوەردانی پتری ڕوسیا و لەشکرکێشی ڕاستەوخۆی سەربازیی بۆ سەر ناوچە جیاوازەکانی ئێرانی لێکەوتەوە.

٢- لە ماوەی فەرمانڕەوایەتی موزەفەردین شا، هەژموون و دەسەڵاتی ڕوسەکان لە ئێران زۆر فراونتر بوو. بەهۆی پەیوەندی نزیکیشیان لەگەڵ شا و دەسەڵاتدرانی ئێران، بەرژەوەندییەکی زۆری سیاسی و ئابووریان بۆ دروست بوو، لەو ڕوانگەیەوە کاتێک بەهۆی شۆڕشی مەشروتە دەسەڵاتی شاکەوتە مەترسیەوە، پشتیوانیەکی تەواویان لە شا و دەسەڵاتدرانی ئێران کرد و ئامادە نەبوون لە ژێر هیچ جۆرە گوشار و بارودۆخێکدا ڕێگە بە گۆڕانکارییەک لە سیستەم و فەرمانڕەوایەتی ئێران بدەن، کە ببێتە هۆی دروستبوونی مەترسی بۆ سەر بەرژەوەندییە ئابووری و سیاسیەکانیان. هەر لەسەر بنەمای پەیرەوکردنی ئەم سیاسەتەش بوو پیشتگیرییان لە محەمەد عەلی شا لە دژی مەشروتەخوازان کرد و ڕاستەوخۆ هێزی سەربازییان لە دژیان بەکارهێنا.

٣- هیچ ڕووداوێک بە ئەندازەی شۆڕش مەشروتە و لێکەوتەکانی کاریگەری لەسەر پەیوەندییە دەرەکییەکانی ئێران بەگشتی، بەتایبەتی لەگەڵ ڕوسیا دروست نەکرد. هەرچەندە شۆڕشی مەشروتە ڕووداوێکی ناوخۆی ئێران بوو، بەڵام لە ڕاستیدا بە ئەندازەی دروستکردنی گۆڕانکارییە ناوخۆییەکانی وڵات، کاریگەری لەسەر تێڕوانین و پەیوەندییەکانی ئێران و ڕوسیاش دروستکرد و پەیوەندییەکانی ئەو دوو وڵاتەی بردە قۆناغێکی ترەوە.

٤- سەرکەوتنی مەشروتەخوازان و سنوردارکردنی دەسەڵاتی شا و دەستوپێوەندەکانی، بەتەواوی مەترسی بۆ سەر بەرژەوەندییە ئابووری و سیاسیەکانی ڕوسیا لە ئێران دروستکرد، ئەمە ڕوسیای ناچارکرد بەو پەڕی هێز و توانایی خۆی بەرەنگاری ئەو گۆڕانکارییە سیاسییە ببێتەوە و بە هاوکاری دەسەڵاتدرانی ئێران کۆتایی بە خولی یەکەمی ئەنجومەنی شورای میللی بهێنێت.

٥- نیگەرانی و مەترسییەكانی ڕوسیا لە بەرامبەر دەرهاویشتە و لێكەوتەكانی شۆڕشی مەشروتە ئەوەندە قوڵ بوون، تەنیا لەسەر ئاستی باڵوێز و نوێنەرانی دیپلۆماسی و سەربازیی لە ئێران نەوەستان، بەڵكو خودی تزاری ڕوسیا مەبەستی بوو، كە كۆتایی بەو گۆڕانكارییە سیاسییەی ئێران بێت.

٦-كۆتایهێنان بە شۆڕشی مەشروتە جگە لەوەی هەژموونی ڕوسیا لە ئێران هێندەی تر فراوان كرد، لە هەمان كاتدا ململانێ و كێبڕكێ وڵاتانی وەک بەریتانیا و ئەڵمانیاشی لەسەر خاكی ئێران زۆر و فراوانتر كرد.

## لیستی سەرچاوەكان:

### ١- سەرچاوە فارسیەكان


١- آدمیت، فریدون. (١٩٨٥). ایدئولوژی نهضت مشروطیت ایران. جلد نخستین. چاپ دوم. کانون کتاب ایران. سوئد.

٢- اولسون، ویلیام جی. (١٣٩٨). روابط ایران و انگلیس در جنگ جهانی اول. ترجمه: حسن زنگنه. انتشارات شیرازه. تهران.

٣- انصاری، بهمن. (١٣٩٤). انقلاب مشروطه از آغاز تا انجام. انتشارات منشور سمیر. تهران.

٤- اصغری، سید محمد. (١٣٩٣). آخوند خراسانی در جنبش مشروطیت. چاپ دوم. انتشارات اطلاعات. تهران.

٥- امانت، عباس. (١٤٠٠). تاریخ ایران مدرن. ترجمه: حافظ. نشر فراگرد. بی. جا.

٦- امینی، علیرضا. (١٣٨٢). تاریخ روابط خارجی ایران از قاجاریه تا سقوط رضا شاه. بی.چا. تهران.

٧- بیات، کاوه و دیگران. (١٣٩٣). تاریخ جامع ایران. جلد ١٢. مرکز دائرة المعارف بزرگ اسلامی. تهران.

٨- بازل، آر. ام. (١٣٩٦). یادداشتهای سیاسی ایران ١٣٤٤-١٢٦٠. ترجمه: محمد صفر و حسن رضایی. جلد دوم. بخش دوم. انتشارات مرکز اسناد انقلاب اسلامی. تهران.

٩- براون، ادوارد. (١٣٧٦). انقلاب مشروطیت در ایران. ترجمه: مهری قزوینی. انتشارات کویر. تهران.

١٠- پیرنیا، حسن و دیگران. (١٣٩٣). تاریخ ایران. چاپ سوم. انتشارات داریوش. مشهد.

١١- تقی زاده، سید حسن. (١٣٣٨). تاریخ اوائل انقلاب مشروطیت ایران. انتشارات باشگاه مهرگان. تهران.

١٢- تفریشی، مرتضی سیفی فمی. (١٣٦٢). نظم و نضمیه در دوره قاجاریه. انتشارات یساولی. تهران.

١٣- جزئی، بیژن. (١٣٨٨). انقلاب مشروطیت ایران، نیروها و هدفها. انتشارات سازمان اتحاد فدائیان خلق ایران. پاریس.

١٤- حسینی، سید احمد تفریشی. (١٣٥١). روزنامه اخبار مشروطیت و انقلاب ایران یاداشتهای سید احمد تفریشی حسینی. به کوشش ایراج افشار. انتشارات امیر کبیر. تهران.

١٥- رمضانی، روح الله. (١٤٠٠). تاریخ سیاست خارجی ایران از صفویه تا پایان پهلوی اول/٨٧٩ تا ١٣٢٠ شمسی. ترجمه: روح الله اسلامی و زینب پزیشکیان. چاپ دوم. نشرنی. تهران.

١٦- رزمجو، جهانبخش. (١٣٤١). تاریخ عمومی و سیاسی ایران. جلد اول و دوم. انتشارات دانشکده افسری. تهران.

١٧- زیباکلام، صادق. (١٣٧٧). سنت و مدرنیته ریشه‌یابی علل ناکامی اصلاحات و نوسازی سیاسی در ایران عصر قاجار. انتشارات روزنه. تهران.

١٨- زینویف، ایوان الکسیویچ. (١٣٦٢). انقلاب مشروطیت ایران نظرات یک دیپلمات روس حوادث ایران در سالهای ١٩٠٥ تا ١٩١١. ترجمه: ابوالقاسم اعتصامی. اقبال. بی جا.

١٩- سمنانی، پناهی. (١٣٧٩). مظفرالدین شاه قاجار خودکامه کوچک. نشر ندا. تهران.

٢٠- شوستر، مورگان. (١٣٩٨). اختناق ایران، ترجمه: حسن افشار. چاپ پنجم. نشر ماهی. تهران.

٢١- قائم مقامی، جهانگیر. (١٢٢٦). تاریخ تحولات سیاسی نظامی ایران از آغاز قرن یازدهم هجری تا سال ١٣٠١ هجری شمسی. کتابخانه

علی اکبر علمی و شرکاء. تهران.

٢٢- کاسب، عزیزالله. (١٣٦٨). منحنی قدرت در تاریخ ایران. تابش. بی. جا.

٢٣-کاساکوفسکی، کلنل. (٢٥٣٥). خاطرات کلنل کاساکوفسکی. ترجمه: عباسقلی جلی. چاپ دوم. سیمرغ. تهران.

٢٤- گرانتوسکی، ا.آ. و م.آ. داندامایو و دیگران. (بی. تا). تاریخ ایران از زمان باستان تا امروز، ترجمه: کیخسرو کشاورزی. بی جا.

٢٥- مامونتف، ن. پ. (١٢٦٣). بمباران مجلس شورای ملی در سال ١٣٢٦ هجری قمری(حکومت تزار و محمد علی شا). ترجمه: شرف الدین قهرمانی. انتشارات اشکان. ب. جا.

٢٦- مدنی، سید جلال الدین. (١٣٨٦). تاریخ سیاسی معاصر ایران. جلد١، چاپ١٤. انتشارات اسلامی. قم.

٢٧- مهدوی، عبدالرضا هوشنگ. (١٣٩٢). تاریخ روابط خارجی ایران از ابتدای دوران صفویه تا پایان جنگ دوم جهانی. چاپ نوزدهم. انتشارات امیر کبیر. تهران.

٢٨- مخبر السلطنه، مهدی قلی هیدایت. (١٣٦٣). گزارش ایران بخش گزارش دوره قاجار و مشروطیت. چاپ دوم. نشر نقره. تهران.

٢٩- نوربخش، مسعود. (١٣٨٠). تهران به روایت تاریخ. جلد سوم. علیم. تهران.

٣٠- نجمی، ناصر. (١٣٧٧). محمد علی شاه و مشروطیت. انتشارت زریاب. تهران.

٣١- یزدانی، م. (٢٠٠٣). اوضاع اجتماعی ایران در عهد قاجار ازخلال آثار مبارکه بهائی. موسسه معارفه بهائی. کانادا.

٣٢- یزدی، محمود افشار. (١٣٥٨). سیاست اروپا در ایران چند اوراق از تاریخ سیاسی و دیپلماسی. ترجمه: سید ضیاءالدین دهشیری. شرکت افت. بی. جا.

**سەرچاوە کوردیەکان:**

٣- شەمیم، عەلی ئەسغەر. (٢٠٢١). ئێرانی سەردەمی پادشایەتیی قاجاران. وەرگێڕانی: سەلاحەددین ئاشتی. بنکەی ژین. سلێمانی.

١- سەردەشتی، یاسین و بەرزانی مەلا تەها. (٢٠١٠). مێژووی هاوچەرخی ئێران. چاپی دووەم. چاپخانەی سایە. سلێمانی.

٢- فاتح، محمد. (٢٠١٨). ژیانی سیاسی لە ئێران سەدەی بیستەم. دەزگای چاپ و پەخشی ئارین. هەولێر.

٤- نەووار، عەبدولعەزیز سولەیمان. (٢٠٢٠). مێژووی گەلانی ئیسلامی لە چەرخی نوێدا. وەرگێڕانی: مستەفا سەعید علی. خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا. سلێمانی.

**سەرچاوە عەرەبیەکان:**

١- الجبار، احمد عبدالقادر. (١٩٥٥). من مشکلات الشرق الاوسط. ملتزم الطبع والنشر. القاهره.

٢- الجاف، حسن کریم. (٢٠٠٨). موسوعة تاریخ ایران السیاسی من بدایة الدولة الصفویة الی نهایة الدولة القاجاریة. المجلد الثالث. الدار العربیة للموسوعات. بیروت.

٣- مجذوب، طلال. (د. ت). ایران من الثورة الدستوریة حتی الثوره الاسلامیة ١٩٠٦ _١٩٧٩. دار ابن الرشد للطباعة والنشر. د.م.

٤- قرم، جورج. (٢٠١٠). تاریخ الشرق الاوسط من الازمنة القدیمة الی الیوم. شرکة المطبوعات للتوزیع والنشر. بیروت.

گۆڤار و مانگنامەکان

**بە زمانی فارسی:**

١- مقام، احمد مظفر و جمشید مظفری. (١٣٨٧). "قرارداد ١٩٠٧ به روایت مرکز اسناد کتابخانه مجلس شورای اسلامی". مجله پیام بهارستان: دوره دوم. شماره( ١و٢): ٣٥١- ٣٧٥.

٢- قیداری، عباس قدیمی و شهناز جنگجو قولنجی. (١٣٩٦). "قرارداد ١٩٠٧ ؛ همکاری روس و انگلیس و حوادث خونین تبریز در سال ١٣٣٠ق/ ١٩١١م". مجله پژوهشهای تاریخ ایران و اسلام: شماره( ٢١): ٢٠٧-٢٣٢.

٣- شیخی، فیروز راد و جواد. (١٣٩٣). "تحلیل جامعه‌شناختی ماهیت، علل وقوع و پیامدهای جنبش مشروطه در ایران". مجله مطالعات علوم اجتماعی ایران: شماره(٤٠): ٧٨-٩١.

٤- نصرآبادی، مجید و علی اکبر جعفری و مرتضی نورائی. (١٣٩٩). "سویه‌های توسعه‌طلبی روسیه از خلیج حسین قلی در شمال تا سرخس در شمال شرق ایران بعد از قرارداد آخال(١٢٩٩ق)". گنجینه اسناد فصلنامه تحقیقات تاریخی و مطالعات آرشیوی: شمار (١١٧): ٤٩-٧٠.

٥- رضاعلم، محمد و محمد امیری. (١٣٨٦). "بازشناسی روابط خارجی ایران در دوره استبداد صغیر با تکیه بر دیدگاههای حبل المتین کلکته". فصلنامه تاریخ روابط خارجی: شماره (٣١): ٩٤-١١٣.

٦- میرزاوند، مسلم و سجاد حسن پور. (١٣٩٦). "رویارویی دو تفکر، تاثیر تربیت روسی محمد علی شا در برخورد با مشروطه خواهان". ماهنامه پژوهشهای تاریخی، اجتماعی و سیاسی: شماره(٢): ١٩-٢٨.

٧- موسوی، سید رسول. (١٣٩٧). "روابط نظامی ایران وروسیه از قاجار تا پهلوی". فصلنامه تاریخ روابط خارجی: سال نوزدهم، شماره(٧٤): ٥١-٥٩.

**سەرچاوە بە زمانی ئینگلیزی:**

1-Tompkins, Rosemary C. (1975). Anglo- Russian Diplomatic Relations 1907-1914. North Texas State University. Denton. Texas.

2-Andreeva, Elena. (2009) "Russia v. Russians at the court of Mohammad-ʿAli Shah," http://www.iranicaonline.org.

3-Andreeva, Elena. (2014). "Russia i. Russo-Iranian Relations up to the Bolshevik Revolution," http://www.iranicaonline.org.

4-Avery, Peter & etel. (2007). the Cambridge History of Iran from Nadir Shah to the Islamic Republlic. Volume7. Third printing. Cambridge University Press. Cambridge.

5-The Anglo-Russian Entent (http://wwi.lib.byu.edu/index.php/The_Anglo-Russian_Entente)

6-Pye, Michael. (2015). "in the belly of the bear? Soviet-Iranian relations during the reign of Mohammad Reza Pahlavi". University of St Andrews. Russian.

7-Kazemzadeh, Firuz. (2013). Russia and Britain in Persia Imperial Ambitions in Qajar Iran. I.B.Tauris & Co Ltd. London.

8-Kazemzadah, f. (2012). "angle-russian-convention-of-1907".
http://www.iranicaonline.org.

9-Abrahamian, Ervand. (2008). A History of Modern Iran. Cambridge University Press. New York.

**سەرچاوە بە زمانی ڕوسی:**

1-Кулагина, Л. М. (2010). РОССИЯ И ИРАН(XIX - начало XX века). Москва ИД «Ключ-С.

2- Базиленко, И.В. (2011). ПРАВОСЛАВНАЯ РОССИЯ И ШИИТСКИЙ ИРАН: ПО СТРАНИЦАМ ИСТОРИИ ОТНОШЕНИЙ(XVI – НАЧ. XX ВВ.), История России, Христианское чтение.

3- ЕВДОКИМОВА, А.А. (2009). История стран Востока в новое время. Изд-во БГПУ. Уфа.

4- Мамедоглы, Алиев Салех. (2004). ИСТОРИЯ ИРАНА XX ВЕК. Издательство «Крафт+». Москва.

5-ХАСАН,МАХДИЯНМОХАММАД.(2013). ИСТОРИЯ МЕЖГОСУДАРСТВЕННЫХ ОТНОШЕНИЙ ИРАНА И РОССИИ (XIX - НАЧАЛО XXI ВЕКА). ФГБУН Институт востоковедения . Москва.

6-Корниловский, А.С. (2016). "ИРАНСКИЙ КУРДИСТАН В РУССКО-ГЕРМАНСКИХ ОТНОШЕНИЯХ НАКАНУНЕ ПЕРВОЙ МИРОВОЙ ВОЙНЫ", Вестник Томского государственного университета. № (411): 69-82.

7-Авдеев, В. Е. ПЕТЕРБУРГСКАЯ КОНВЕНЦИЯ 1907. Большая российская энциклопедия.